نەجات روستی

# میدیای هەواڵ و ڕایگشتی



سلێمانی

2009

نەجات روستی

میدیای هەواڵ و ڕایگشتی

چاپی یەکەم/سلێمانی

نەجات روستی

# میدیای هەواڵ وڕایگشتی

توێژینەوەیەکی زانستییە

کارنامەی دەرچونی قۆناغی چوارەمە پێشکەش بە

بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی

زانکۆی سلێمانی کراوە

چاپی یەکەم – سلێمانی

- میدیای هەواڵ و ڕایگشتی
- بابەت: رۆژنامەنووسی
- نوسینی: نەجات روستی
- تایپ : بونیاد جومعە
- هەڵەچن: خەندە کەمال -بونیاد
- تیراژ:1000
- ژمارەی سپاردنی کتبخانەی نیشتیمانی (2494)
- چاپ :چاپخانەی بینایی..



پێشکەشە بە......

- بەو کەسەی هەتا هەتایە لەگەڵمایە و لە بەهاری تەمەنم بەجێیهێشتم.
- بەگیانی خوالێخۆشبوو دکتۆر فاروق عەلی عومەر.

# ناوەڕۆك


پێشەکی

بەشی یەکەم

- ماس میدیا چییە
- چەمکەکانی میدیا
- ڕاگەیاندن لەڕووی زمانەوانیەوە
- پێکهاتەکانی میدیا
- ڕۆژنامە
- یەکەم ڕۆژنامە لەجیهاندا
- یەکەم رۆژنامەی کوردی
- ڕادیۆ
- کاریگەری هەواڵی ڕادیۆیی
- تەلەفیزیۆن
- ئینتەرنێت
- کاریگەری میدیا لەکۆمەڵگادا





1 . تیۆری کارتێکردنی ڕاستەوخۆ

2. تیۆری کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ

3. تیۆری کارتێکردنی چالاك

4 –کەناڵە کاریگەریەکان

بەشی دووەم

- هەواڵ چیە
- پێناسەی هەواڵ
- پێکهاتەکانی هەواڵ
- ڕەگەزەکانی هەواڵ
- جۆرەکانی هەواڵ
- هەواڵە تەقلیدیەکان
- بەهای هەواڵ
- پۆلێنکردنی بەهای هەواڵ
- قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ

## بەشی سێیەم

-چەمکی ڕای گشتی
-پێوانەی ڕای گشتی لە کۆمەڵگادا
-ژینگەی ڕای گشتی لەو وڵاتە تازە پێگەیشتۆکاندا
-دروست بوونی ڕای گشتی
-هۆکارەکانی دروستبوونی ڕای گشتی
-جۆرەکانی ڕای گشتی
-ڕاگەیاندن وکاریگەری لەسەر ڕای گشتی
-کاریگەری هەواڵ وڕای گشتی

## بەشی چوارەم

-دەرئەنجامەکان
-پێشنیازەکان
-سەرچاوەکان



## پێشەکی....

هەواڵ لە دونیای ڕاگەیاندن وبەیەککگەیشتندا ڕۆڵێکی ئەکتیڤ دەگێڕێ لە گۆڕینی دید وبۆچوونی خەڵکی بەگشتی,چونکە هەواڵ بۆتە بەشێکی سەرەکی لەژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا،کەسێك نبیە لە سووچی ئەم دونیایە بەدوای هەواڵدا وێڵ نەبێت هەواڵ بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە ،هەر هەواڵیش دەبێتە هۆی خولْقاندنی ڕایەکی گشتی لەنێو کۆمەڵ وگۆڕینی ئەفکار ودید وبۆچونە کانی چین وتوێژەکانی کۆمەڵ, سەبارەت بەهەموو پێشهاتەکان وڕووداوەکانی ڕۆژدا. هەواڵ وڕای گشتی پەیوەندیەکی توند وتۆڵیان هەیە،بەڵام لەکۆمەڵگایەك کە ئاستی هۆشیاریان لە ئاستێکی باڵادا بێت ودەسەڵاتی چوارەم کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت بەسەر جەماوەردا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە نێوان ڕای گشتی وهەواڵدا هەیە،لەڕێگای هەواڵەوە دەتوانین تەواوی کۆمەڵگا بەرەوەدونیایەکی پێشکەوتووتر بەرین.مەبەستم کە تاچەند هەواڵ وڕای گشتی لە کۆمەڵی کوردەواری دا کاریگەری هەیە،هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە کە هەڵمبژاردووە،لەناوەڕۆکی ئەم بابەتە دا لەبەشی یەکەمدا باسی میدیا وماس میدیا کراوە بەشێوەیەك خستومەتە ڕوو کاریگەریەکانی لەسەر تاك وکۆمەڵ هەیە. لەبەشی دوومی لێکۆڵینەوەکدا باس لەهەواڵ وشێوە وبەهاکاریگەریەکانی هەواڵ کراوە،بەشێوەیەك راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان وداهاتووی خەڵکی بەگشتی یەوە هەیە.لەبەشی سێ هەمی لێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی وفەرمی باس لەڕای گشتی کراوە کە چۆن لەنێو جەماوەردا دروست دەبێت, ئەو هۆکار وکاریگەریانە چین کە دەبێتە هۆی دروست بوونی رای گشتی لەنێو جەماوەردا. دواتر پێوانەی ڕای گشتی کە چۆن دەتوانین ڕای گشتی لەنێو خەڵکدا دیاری بکرێت ولەچ ڕێگایەکەوە دەتوانین دید وبۆچوونی زۆربەی خەڵك وەربگرین. کۆتایی بەشی سێ هەمی لێکۆڵینەوەکە باس لەو هەواڵە کاریگەریانە کراوە کە لە سەردەمی خۆی



کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر تاك وجەماوەردا هەبووە،کاریگەریشی کردۆتە سەر دەورووبەرو دەسەڵات.
لەبەشی کۆتای توێژینەوەکەدا ئەودەرئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوم ولەلام گەلالە بوون خستومەتە ڕوو لەگەڵ چەند پێشنیارو بۆچونە تایبەتەکانی خۆم لەم بارەیەوە.
ئومیدی ئەوە دەکەم کە لەئایندەیەکی نزیکدا ڕاگەیاندن ببێتە دەسەڵاتێکی بەهێزی جەماوەری وفشار خاتە سەر دەسەڵاتداران بۆ دەستەبەرکردنی ژیان وگوزەرانێکی باشتر.

**نەجات روستی -سلیمانی**

# ماس میدیا Mass Media

ماس میدیا هەرلەسەرەتای پەییدابونیەوە بەشێوە سادەکەی خۆی وپاشان گەشەکردنی بۆ سستمێکی بەرفراوان،بۆتەماییەی ئەوەی کەپسپۆرانی ئەو بوارە ڕای‌جیاوازیان لەسەر پێناسە ولایەنە پێکهێنەرەکانی ئەو سستەمە هەبێت لە سادەترین مانادا دەکرێ‌ی بلێین. سەرچاوەی زانیاریەکانی هەواڵ وزانیارییەکانە لەڕێگای ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو وسەتەلایت و هێڵەکانی ئەنتەرنێتدا.

ماس میدیا کە شێوەیەکە لە شێوەکانی کۆمیونیکەیشن و بەمانای کۆی سەرجەم میدیاکان دێت. لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە، ووشەی ماسمیدیا لێکدراوی هەردوو ووشە(ماس+میدیا) پێکهاتووە،کە بەمانای لەخۆگرتنی سەرجەم ئامرازەکانی میدیا دێت لەو پرۆسەیەی کە پێویستە ئەنجامی بدات،کە کۆمیونیکەیشنە...هەر بۆیەشە لەسەرەتادا پێویستە



ئێمە چەمکی کۆمیونیکەیشن کە ئامانجی سەرەکی ماسمیدیایە بناسێنین.

پرۆسەی کۆمیونیکەیشن لەگەڵ دروستبوونی باوکە ئادەم و دایکە حەوادا لەسەر گۆی زەوی دروستبووە و لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئەویش گەشەی کردووە. واتا دەکرێ بڵێین پەیدابوونی مرۆڤ و کۆمیونیکەیشن دووچەمکن و ئەمەش بایەخ و گرنگی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنمان بۆ دەردەخات.

پرۆسەی کۆمیونیکەیشن،کە لەزاراوەی (communis)ی لاتینیەوە وەرگیراوەو ماناکەی بەزمانی کوردی بەهاوتایی (بەیەکەوە، بەیەکەوەکردن، هاوبەش بوون...هتد دێت [1].

بەهۆی ئاڵۆزی و فرەگرنگیەکەیەوە،بەردەوام پێناسی جۆراو جۆری بۆ کراوە وەك:

*گواستنەوەی ناوەرۆکی بیرۆکەیەك, زانیاریەك،یان کردارو بۆ چوونێکە لەکەسێکەوە یان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کەسێك یان کۆمەڵێکیتر. واتا دوو لایەنی سەرەکی بەشدار دەبن لەناوەرۆکی

[1] دەرسگوتارێکی مامۆستا هیرش هیرانی بۆ خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی. 2003

ئەو بیرۆکەو زانیاری و کردارو بۆ چوونەدا. بەم گواستنەوەی بیروڕایەش لێك گەیشتن و پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت و ئەمەش بناغەی دروستبونی کۆمەڵگاکان دادەنێت [2].

*کرداری کۆمیونیکەیشن پەیوەندیکردنی خەڵکە بەیەکترەوە لەڕێی هۆیەکانی گەیاندنی وەك تەلەفیزیۆن،رادیۆ،ڕۆژنامە...هتد و بەو هۆیەوە دەنگی مرۆڤ دەگاتە شوێنێکی دی [3].

پرۆسەی کۆمیونیکەیشن خاوەنی چەندین رەگەزو توخمی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامەکەو وەرگرتنەوەی فیدباك لەبەرامبەرەکەی ..گرنگترین رەگەزەکانی بریتین لە:

نێرەر: ئەو کەس و لایەن و ناوەندە دەگرێتەوە کە سەرچاوەی زانیاری و پەیامەکانەو پەیام دەگەیەنێتە بەرامبەرەکەی خۆی.

پەیام: پەیامی کۆمیونیکەیشن:ناوەرۆك،بونیات، شێوازی تیادایەو بەمەبەست ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت [4].

---

2 هەڤاڵ ئەبو بەکر, چەند هەنگاوێك بەرەو راگەیاندن،رۆژنامەنووسی، پروپاگەندە ورای گشتی. ل5.

3 هەمان سەرچاوەی پێشوو .ل6.

4 د. عبدالله الطويرقي: علم الاتصال المعاصر،مكتبة العبيكانو الطبعة الثانية، الرياض 1997.ص 22.



کەناڵ: کەناڵ رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت،لەو پرۆسەی گەیاندنەداو بە(3)شێوازی (بینراو،بیستراو،چاپکراو) ئەنجام دەدرێت.

وەرگر: بەپێچەوانەی نێرەرەوە[5]، ئەو کەس و لایەنەیە کەپەیامەکەی ئاراستە دەکرێت و ڕۆڵی بنچینەیی لەپرۆسەی گەیاندن دەبینێت،چونکە بەبێ بوونی (وەرگر)،پرۆسەی کۆمیونیکەیشنیش ڕوونادات و تەنانەت هەموو کارێکی ڕاگەیاندن،لەپێناو کاریگەریدایە لەسەر وەرگر.

تێگەیشتن وفیدباك: لەکرداری کۆمیونیکەیشندا،تێگەیشتن زۆر گرنگە و پێوەرێکە بۆ ئاستی سەرکەوتوویی ئەو پەیامەی کەنێرەر بۆ وەرگری دەنێرێت.

ئەوەی ئێمە وەك توێژەر مەبەستمانە،ئێستا کە پرۆسەی کۆمیونیکەیشنمان ناسی کە ئامانجی ماسمیدیایە،ئەوا ئێمە وەك توێژەر دەخوازین لەناو ڕەگەزەکانی ماسمیدیاشدا کە بریتین لە:

- سەتەلایت و تەلەفیزیۆن
- ڕۆژنامە

---

5 شوان ئادەم، کورد وپرۆسەی گەیاندن، گۆڤاری رایەن، ژمارە(9،10)ی هاوین وپاییزی 2003.

**– ڕادیۆ**

**– ئینتەرنێت**

**– مۆبایل وهاوشێوەکانی**

**– سینەما وشانۆ**

**ئامرازی پەیوەندی سەتەلایت ( Satellite) کە بەشێوەیەکی گشتی مانگی دەستکردە وئامێرێکی کارەبایی وئەلکترۆنییە وپەیوەندی تەلەفزیۆنی وڕادیۆیی و تەلەفۆنی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازێتەوە □.**

**لەناو هەموو ئامڕازەکانی ڕاگەیاندندا هەڵببژێرن. دەکرێ بڵێین کە ئامێری سەتەلایت باشترین کەناڵە بۆ پەیام ناردنی نێرەر بۆ وەرگر ودەتوانێ زۆرترین کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دابنێ وسەرکەوتووانە پەیامەکە بگەێنێتە جێی خۆی.**

**بەتایبەت کە سەتەلایت گشت زمانێك دەزانێ، بۆ بزواندنی پەیام وەرگر ولەهەمان کاتدا خاوەنی خەسڵەتی (بینراو، بیستراو)یشە.**

[6] کارزان محەمەد، دەروازەی رۆژنامەنووسی، ناميلكەی گیرفان، زنجیرە (64) دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم. ل21.



**سەتەلایت لەدیدی هونەرییەوە،تەنهاشێوەی رادیۆیە ولەرێگەی بێ سیم وشەپۆلەکانەوە پەیامەکانی خۆی دەگوازێتەوە.**

**لەڕاستیدا سەتەلایت سود لە توانستەکانی سینەما وڕادیۆ و لەتەکنیکە ڕۆژنامەنووسیەکان وەردەگرێت □.**

**سەتەلایت سەرگەرمترین ئامڕازی ماس میدیایە وکاریگەریەکەشی زیاترە لەمیدیاکانی تر فاکتەری کاریگەرتربوونی بەرنامەکانی سەتەلایت لەئامرازەکانی تری ماس میدیادەگەڕێتەوە بۆ:–**

**دووبارەبوونەوەی بەرنامە.**

**سەرنج ڕاکێشی.**

**هاوبەشیکردنی بینەر تیایدا.**

**دەنگی و ڕەنگی □ .**

**ئێمە وەك توێژەر دوای زانینی ئەو هەقیقەتەی کە ئێستا نەك هەر شار وشارۆچکەکان،بەڵکو گوندەکانیش بوونەتە خاوەنی**

[7]. ل21 هونەر رەسولّ , سەرهەڵدان و... گۆڤاری رایەن, ژمارە(9,10) ل5.

[8] د. سید محمد دادگران،مبانی ارتباڤ جمعی انتشارات فیرۆزە، چاپ سوم 1379.ص(30).

سەتەلایت وئەم ئامرازە لەئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن کاریگەری زیاترە، وەك نمونەمان هەڵبژاردووە بۆ پراکتیککردنی ئەو نمونەیەش ،گوندی (تەگەران)[*] مان هەڵبژاردووە کە دەکرێ نمونەیەکی باشی کاریگەردانانی سەتەلایت بێت بۆ گشت گوندەکانی تری کوردستان.

## چەمکەکانی میدیا:

ڕاگەیاندن وەك چەمکێکی پەیوەندار بە پێکگەیشتن، بەو واتایە هاتووە کە خەڵکی لە هەواڵ وبیروڕاو ڕاستیەکان ئاگادار دەکاتەوە، توانای ئەوەیان پێ دەبەخشێ رایەکی راست ودروست لەبەرامبەر کێشەیەکی دیاری کراودا دروست دەبێ، زانای ئەڵمانی (ئاتوگرێت)پێی وایە کە ڕاگەیاندن دەربڕینێکی بابەتی یانەی ڕوح وعەقڵیەتی جەماوەرە.
ڕاگەیاندن ئەمرۆ بووتە بەدیاردەیەك بە توانستێکی مانەوەی تەکنیکی زۆرەوە تێکەڵ بەشارستانیەتی سەدەیەك بووە کە هیچ

[*] کوندێکە دەکەوێتە نزیك شاری سلێمانی, لە کوردستانی عێراق.



میللەتێك ودەوڵەتێك نەیانتوانیوە دەستبەرداری بن. بەم پێیەش بێ ڕاگەیاندن بووە بەهونەری پەیوەندی کردن بەچین وتوێژەکانی نیو کۆمەڵ وکارلێك کردنیان بەهەردوو دیووی بەئامانجی نیشان دانی راستیەکان وئاگادارکردنەوە لەڕووداو وپێشهاتەکان، دیوەکەی تریش،چەواشەکردن بۆ مەبەستێکی تایبەتی وسنوردار.

فەرناندترۆ لەکتێبێکیدا بەناوی (ڕاگەیاندن) دەڵێ: ڕاگەیاندن بریتییە لەبڵاوکردنەوەی ڕەگەزەکانی مەعریفە(ڕووداو) یان بڕیاردان (لێدوان وبیروڕا لەداڕشتنێکی گونجاودا بەهۆی ووشە یان دەنگ یان وێنەوە) بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەی کەناڵەکانی پێگەیاندنی جەماوەرەوە.

(ڕووداو)هەموو ئەو هەواڵ وڕیپۆرتاژ وچاوپێکەوتن وبەدواداچونانە دەگرێتەوە کە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن لەبارەی ڕووداوێکی دیاری کراو بڵاوی دەکەنەوە.

9 نەژاد عزیز سورمێ ،ئاژانسی دەنگ وباسی کوردستان پرۆژەی دامەزراندن وبەرێوەبردن—هەولێر ل20, ناوی دەزگاکە.

**مەبەستیش لەبڕیاردان گشت ئەو لێدوان وبیروڕاولێکۆڵینەوانەیە کەلەسەر ئەو ڕووداوانە دەکرێن[10]..**

**ڕاگەیاندن لقێکی تایبەتە لەپرۆسەیەکی گەورەتر ئەویش پێگەیاندنی جەماوەرییە،دوا جار راگەیاندن سروشتێکی تایبەتی هەیە کە ئەرك وئامانجەکانی هەر هۆیەکیتر بەیەك گەیاندنی جەماوەری جیا دەکاتەوەبەوەی کە چەمکی راگەیاندن بریتییە لە گشت ئەو رووانەی کە چالاکی پێگەیاندن تێدا ڕاستی وهەواڵی وورد وزانیاری دروست لەبارەی بابەت و ڕووداوی جەماوەردەدرێ لەپێناو وەدەست خستنی ڕێژەیەکی زۆر لەزانیاری وهۆشمەندی وئاگاداربوون لەکاتێکدا پێگەیاندنی جەماوەری چەمکێکی گشتی یە لەسەر هەموو پرۆسەکانی کارلێکردن لەنێوان تاك وکۆمەڵدا دادەبرێت وئامانجی پێگەیاندنی زانیارییە لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر[11]**

**دیڤید بارلۆ درەبارەی ئامانج لە پرۆسەی پێگکەیشتنی جەماوەری دا دەڵێ: ئامانج لەپرۆسەی بەیگکەیشتنی جەماوەریدا بەرجەستە کردنی سێ ئەرکی کرداری گرنگ دابەش**

---

10 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل21

11 سەلام کەریم ,زمان ورۆژنامە,چاپی یەکەم ل9



**دەبێت کە بریتی دەبن لەڕاگەیاندن** INFORMATION **قایلبوون** PERSUATION **خۆشی وەرگرتن وکات بەسەربردن** ENTERTAINMENT

**یان راگەیاندن بریتی‌یە لە پەخشکردنی ڕاستیەکان وهەواڵ وبیروڕایەکان لەهۆجیاجیاکانی ڕاگەیاندندا،کەلە جەمسەردا بەشدار دەبن (نێرەر و وەرگر)ن لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن(ماس میدیا)و هەبوونی توانستەکانی ناردنی پەیامەکان لای نێرەر، توانستەکانی وەرگرتنی پەیامەکان لای وەرگر.**

**زمانی هاوبەش لەنێوان (نێرەر ووەرگر)دا دەبێتە یەکێکی تر لەتوخمە بنەرەتیەکانی ئەم پرۆسەیە. ئەمەش دواتر وابەستەی کات وشوێنێکی دیاریکراو دەبێت وبێ کارامەیی کەسی وەرگر.نێرەر ناتوانێت پەیامێکی شیاوی وەها ئاراستە بکات کە بتوانێت (کاریگەری) بێنێتە بوون کە خۆی بۆ خۆی ئامانجی سەرەکی پرۆسەی ڕاگەیاندنە[12].**

**ڕاگەیاندن (شێوەیەکە لە شێوەکانی پێگکەیشتن) (COMMUNICATION) لەبەرامبەر وتای**

---

12 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل10

INFORMATION ڕاگیراوە, بەواتای زانیاریەکان دێت.
لەڕووی زاراوەییەوە بەبلاوکردنەوەی ڕاستی و زانیارییە وورد دێت. پرۆسەی پێگکەیشتن COMMUNICATION لەڕووی ناوەرۆکەوە دەبێتە سێ جۆری تەواو کەری یەکتر.

1/ پرۆسەی پێکگەیشتنی زانستی indapwsonal process communication لێرەدا هەر مرۆڤێك خۆی بۆ خۆی لەپەیوەندیەکی بەردەوامدایە دەبێت لەگەڵ بانکی زانیاری وهزری وفەرهەنگی خودیی،چەند دەوڵەمەند بکرێن ،هێندە تاك شیاوانەتر دەتوانێ کارامەیی کەسی خۆی زیاد بکات[13].

2/ پرۆسەی پێکگەیشتنی دوانەییIndapwsonal process
ئەم پرۆسەیە لەنێوان (نێرەر ووەرگر)دا دێتە کایەوە لەتاك دەپەڕێتەوە بۆ بەرامبەر بەم شێوازانە دا بەش دەبن

ا/ ئەگەر نێرەر لەڕووی کارامەیی و زانیارییەکانەوە لەو بابەتەی لێ دەدوێن لەوەرگر زیاتر بێت ئەوا وەرگر دەکەوێتە ژێر کاریگەری نێرەرەوە.

13 گۆڤاری رایەن ژمارە 13 ل 13.



ب/ ئەگەر نێرەر لەوەرگر کەمتر بزانێت نێرەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری وەرگرەوە کە دواتر دەبێتە نێرەر بۆ نێرەری یەکەم ونێرەری یەکەم دەبێتە وەرگر.

ج/ نێرەر و وەرگر بۆ زانیارییەکانی یەکدی ئاشنا بن وتوانای لێك گەیشتنیان هەبێت وهەر یەکەیان لەلایەکی بابەتەکەبزانن ئەوا ئاڵوگۆڕی زانیاری دێتە کایەوە کارلێکردنی ئاڵو گۆڕ دروست دەبێت.

د/نێرەر ووەرگر کەسیان لەو بابەتە نەزانن کەلەسەری دەدوێن ئەوا ناحاڵی بوون ولێك نەگەیشتن وخۆ بەڕاست زانینی بێ بنەما وهەریەك جەختکردن لەسەر ڕای خۆی دێتە کایەوە,بێ ئەوەی کەسیان سود بەوەی تر دییان بگەیەنێت.

هـ/ نێرەر ووەرگر لەو بابەتەی ئاڵوگۆڕی دەکەن بەهەمان شێوە زانیاری لەسەر بابەتەکە بزانن ئەوا لێك گەیشتن دێتە کایەوە ,بەڵام کاریگەری دروست نابێ.

3/ پرۆسەی بەیەکگەیشتنی جەماوەری Mass Communication Process بریتی دەبێت لەوەی کە دەزگایەکی نێرەر لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن پەیامەکانی خۆی ئاڕاستەی ژمارەیەکی زۆر خوێنەر دەکات،بۆ مەبەستی

کاریگەری دروست کردن لەسەریان وژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکە
ئەو پەیامانە وەردەگرن لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن[14].

14 هەڤاڵ ئەبو بەکر، گۆڤاری رایەن ژمارە 13 ی ساڵی 2004,

# ڕاگەیاندن لەڕووی زمانەوانیەوە

ڕاگەیاندن لەزمانی کوردیدا لەبنەڕەتەوە لە دوو پێشگر (پێ +ڕا)لە چاوگی (گەیاندن) پێکهاتووە،مەبەست لێی (پێڕاگەیاندن)ی بەرامبەر( وەرگرە) بەو ئاماژەیی کە هەواڵێك لەلای وەرگر ڕوون وئاشکرانییە بەهۆی (پێڕاگەیاندن)ئاگادار دەبێ و زانیاریەکان بەشێوەیەکی ئاسایی وهاوبەشی زمانەوە وەردەگرێ بەبەکار هێنانی ڕاگەیاندن وڕۆشتنی ئەم فۆرمە لە (پێراگەیاندن)کەوتۆتە لای نێرەر و وەرگری کورد،ئێستا فۆرمەکە بە (ڕاگەیاندن) ماوەتەوە.بەڵام دیارە ڕاگەیاندن لەبەرامبەر (زانیاریەکاندا)دێت ئەو بۆچوونە هەڵەیە ئەگەر تەنها بەگەیاندنی بیروڕای بزانن چونکە ڕاگەیاندن (مەعریفە,زانیاری)یش دەگەێنێت.

– فەرهەنگی ویستەر دەربارەی ڕاگەیاندن دەڵێ:

ڕاگەیاندن ئەو کردەوەیەیە کە تێدا ئاڵوگۆڕی چەمکەکان لەنێوان کەساندا دەهێنێتەکایەوە بەبەکار هێنانی هێمای زانراو یان بریتییە لەزیادکردنی هۆشی جەماوەر بەهەواڵ وزانیاری وڕا



بەمەبەستی کارتێکردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان دەوترێ:ڕاگەیاندن زانستی پەیوەندیکردنە بەجەماوەرەوە تەنها ڕێگایە بۆ گۆڕینەوەی بیرو هۆش وزانیاری چالاکی بیروڕایە لەکۆمەڵدا [15].

## - پێکهاتەکانی میدیا

هۆیەکانی ڕاگەیاندن Media Mass ئەو ئامڕازانەیە کە بەهۆیانەوە بیرێك یان بۆچونێك دەگاتە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی وەرگر بە شوێنە دوور وجیاوازەکاندا بڵاوبونەتەوە ئەم هۆیانەش بریتین لە:–

*ڕۆژنامە

*ڕادیۆ

*تەلەفزیۆن

* ئەنتەرنێت

*سینەما وچەندین تر.

هەریەکێك لەم هۆیانەش شێوە بەکارهێنانێکی تایبەتی خۆی هەیە،هەریەکەشیان خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەیە وئەو هۆکارەش لەیەکتریان جیادەکاتەوە،هۆیەکی تری جیاواز لەڕووی

---

15 هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 33–34,

**پەیوەندیانەوەوە بەجەماوەرو وەرگرەوە لەجۆری ئەو پەیامەش کە هەڵیدەگرن ،یان لەڕووی ئەو کاریگەریەی لەسەر وەرگر دروستی دەکەن.لێرەدا پرسیار دروست دەبێت ئایا مەبەست لێی ڕاگەیاندنە یان ڕۆشنبیری یان کات بەسەربردنە.**

**پەیوەندی کردن بەمانازارەکیە نوێیەکەی لەڕێگەی هۆیەکانی تەکنەلۆژیای ماس میدیاوە بەئەنجام دەگەیێنرێت.**

**پەیوەندی بەستن لەئەنجامی کارلێکردن وبەیەکگەیشتن دروست دەبێت،ئەڵقەی پەیوەندی دروست دەبێت ئەڵقەکانیش.**

**(نێرەر وپەیام وهۆی گەیاندن و وەرگر)ن لەئەنجامی لاواز بونی هەریەکێك لەم ئەڵقانە ئەوا لاواز بونێکی فەرمی دروست دەبێت.پەیوەندی کردن لەمێژووی کۆنی مرۆڤایەتیەوە ، هەرلەدێر زەمانیشەوە ئاڵوگۆڕ ومەدلول ساناکەی هەبووە،لەوەتەی مرۆڤ هەستی بەبونی خۆی کردووە سەرەتا بەئیشارەت ودواتر زمان دۆزرایەوە تاگەیشتن بە هۆیە نوێیەیکانی ڕاگەیاندن،بەهەموو ئەو قۆناغانە تیٚ پەڕیوەکە مرۆڤ لەجیهان دا پیٚ گەیشتوە.**



## - ڕۆژنامە:

**ڕۆژنامە سەکۆی فراوانی ئازادی وجۆشدانی هزر وبڵند گۆی ڕاستی بێژانە.گۆڕەپانی سوار چاکەکانی ئازادی خواز وهزرڤانانە، ڕۆژنامە تاقە خەونی وەدیهاتنی زانستخوازانە وئەدەب دۆست وڕۆژنامەنووسانە،بەرهەمی ململانیٚ سەخت ودژوارەکانی ڕۆژگار و کەناری هێمن پڕلە ئۆقرە وخۆزگەکانی عاشقەکانیەتی.**

**ڕۆژنامە لەسەردەمی دەسەڵات و ئەهریمەنەکانی بیرتەسکی وناحەزانی پێشکەوتن خوازان دا چاوی گەشی هەڵهێنا ومێژووی سەرهەڵدانی بووە بە بەشێك لەمێژووی شارستانیەت و ڕووخساری گەشی نەزمی دیموکراسیەتی ئەمرۆ وداهاتوو.**

**یەکێك لەسەرکردەکانی پێشووی وڵاتی ڤەنزویللا سەبارەت بەکاری ڕۆژنامە وڕۆژنامەنووسی دەڵیٚ: لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخ لەڕووم دابکرێتەوە,بەڵام لەترسی جیرەی پێنوسی ڕۆژنامەنووسێك گیانم دێتە لەرزە[16].**

[16] دکتور کەمال مەزهەر،تێگەیشتنی راستی. چاپ بەغداد 1979.

ڤۆڵتێر دەڵێت:– ڕۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێندرێ بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێ، بۆ ئەوەی جیهانی نوێ پێک بێنێ [17].

## یەکەم ڕۆژنامە لەجیهاندا:

شارەزایان وپسپۆرانی مێژووی ڕۆژنامەنووسی سەرەتای سەرهەڵدانی کاری ڕۆژنامەنووسی دەگێڕنەوە بۆ کیشوەری ئاسیا لەساڵی (1911)ی پێش زاینی کاتێ دەسەڵاتداری ئەوسای چین لەپێناو دەسەڵاتەکەیاندا، ڕۆژنامەیەکیان لەناو کوچە وکۆڵانەکانی وڵات لە ئەو سەردەمە بڵاوکردەوە بەناوی (کین بان).

وێڕایی ئەوەی(کین بان) پێشەوایی کاروانی ڕۆژنامەنووسی یە خاوەن سەرسووڕهێنەرترین شێوازی ئوپرەیشنی (عەملی)دەرکردنی ڕۆژنامەیە: ڕۆژنامەی (کین بان) ڕۆژانە سێ

[17] برایمی مەلا,ڕۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەوە تا چەرخی نوێکاری ل10–31 هەولێر.



جار بەسێ ڕووخساری جیاواز دەرچووە ،بەیانیان بەڕەنگی زەرد،نیوەڕوان بەڕەنگی سپی وئێوارانیش بەڕەنگی سور[18].

مێژووی ڕۆژنامەش لەئەوروپادا تا ئیستا ڕوون نییە بەڵام هەندێك لەڕۆژنامەنووسان دەڵێن: لەساڵی 1275 کۆشکی پاشایەتی بەریتانیا دژی بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە وپڕوپاگەندە تەنزە ئامێزەکان و بڵاوکراوەیەکی لەو چەشنە لەو سەردەمەدا بوون . 103 ساڵ پاش دەرچوونی ئەو بڕیارە و ڕاگرتنی بڵاوکراوەکان لەساڵی 1378دا وبەمەبەستی دڵنیاکردنەوە لەناوەڕۆکی هەمان بڕیاری پێشوتر،پاشای ئینگلیز دڵنیانامەیەکی دیکەی دەرکرد ئەمە وای لەمێژوونووسان کرد. کەبەجۆرە دڵنیاییەکەوە ساڵی1275 بەمێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامە لەئەوروپادا بناسن.ئەم چەند دێڕەی سەرەوە تەنها تیشکێکی بچوکە بۆ سەر سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامە لەجیهاندا،ڕەنگە بیروبۆچوونی جیاوازتریش لەوە هەبێ.لەسەر مێژووی یەکەم ڕۆژنامە لەجیهاندا[19].

18 برایمی مەلا,هەمان سەرچاوەی پێشوو.

19 برایمی مەلا, هەما سەرچاوەی پێشوو ل31–ل10.

## ڕۆژنامەی کوردی:

ڕۆژنامەی کوردستان نۆبەرەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی یە وبەسومبولی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەمێژوو دادەنرێ لە1898/4/22لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەهیمەتی پێشەوایانی رۆژنامەنووسی کوردی مقداد مەدحەت بەدرخان لەچاپخانەی هیلال چاپ کراوەوچاوی لەغەریبی کردەوە.لەماوەی چوارساڵی تەمەنی دا چەندین جار بەناچاری لێرەو لەوی ڕەوی پێ کراوە لەگەڵ گۆڕانکارەییە سیاسیەکاندا ژیانی پڕلەسەرگەردانی گوزەراندوە ژمارە(1–5)لەقاهیرە دەرچووە (6–19) لە جنیف دەرچووە,(20–23)دیسانەوە لەقاهیرە دەرچووەتەوە ژمارە (24)ی لەلەندەن (25–29)لەمولکسون ودیسان بارگە وباری بەرەو سویسرا دەپێچێتەوە دواین ژمارەی کە دوو ژمارە بوو(30–31) لەجنیڤ چاپ کراوە.لەسەرەتاوە مقداد مەدحەت بەدرخان ئەرکی بەڕێوەبردنی لەئەستۆ بووە،دواتر بەهۆی نەخۆشی‌یەوە عبد الرحمان برای کاروباری ڕۆژنامەکە دەگرێتە ئەستوو[20].

20 د.کەمال مەزهەر–تێگەیشتنی راستی چاپی 1979–بەغداد



## ڕادیۆ:

زانای ئەسپانیولی (سالوا) دوای ئەویش (هەیك هەتس)زانای ئەڵمانی ئەوەیان دەرخست کە شەپۆلە ئەلەکتریکیەکانی هەوا ئەتوانەوە.بەبێ ڕاکشانی تەلەی دەنگ لە شوێنێکەوە بگەینێتە شوێنێکی تر(ئەدوارد براندلی)فەرەنسی دەزگایەکی دروست کرد شەپۆلە ئەلەکترۆماتیەکانی یەك خست ودوای بەشێوەی رادیۆوی لێهات.زانایەکی روسی بەناوی (ئەلسکاندەر)دەزگایەکی وەرگرتن وناردنی باشتری دروست کرد بەهۆی ئەو دەزگایەوە توانی پەیوەندی ڕادیۆی لەنێوان بەشە جۆر بەجۆرەکانی شاردا دابمەزرێنێ لەساڵی 1898 بۆ یەکەم جارئەم پەیوەندی یە لەماوەی 50 کیلومەتر دامەزراند.بەڵام لەبەرئەوەی (مارکۆنی) زانایی ئیتالی بەر لەوە بیری داهێنانی خۆی ئاشکرا کرد بوو بۆیە ئەویان بەداهێنەری ڕادیۆو ناوزەد دەکرد لەساڵی 1901داپەیوەندی ڕادیۆیی لەنێوان ئەوروپا وئەمریکا دامەزرا لەساڵی 1902زانای ئینگلیزی (سرتا چروس)دەزگایەکی بۆ یەك لانەکردنی کارەبا دروست کرد دوو ساڵ دوای ئەوە زانایەکی ئەمریکی بەناوی (لی درفۆرست)بوو بە هۆی تۆڕێکی تایبەتیەوە

لامپەکانی بەهێزکرد لەسەدەی بیستەمدا شەپۆلەکانی ڕادیۆ بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە[21].

## کاریگەری هەواڵی ڕادیۆ:

نوسین بۆ ڕادیۆ جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ شێوازی نوسین بۆ ڕۆژنامە وتەلەفزیۆن،بەشێوەیەکی گشتی نووسین بۆ ڕادیۆ دەکرێ بەدوو بەش

1/ تێکستە ئامادە وتەواوەکان:

ئەم جۆرە نوسینە بێژەر یان هەواڵ ساز بێ دەسکاری بڵاوی دەکاتەوە وەك خۆی.

2/ تێکستە ناتەواوەکان:

نوسەر تەنها سەرە قەڵەم وسەردێرەکان دەنووسێ,پاشان بێژەر یان هەواڵ ساز تەواوی دەکەن .

21 پەخشان حەمە ئەمین, زانیاری بەکەڵك ل 33-34,



## -مەرجەکانی نوسین بۆ ڕادیۆ:

1- دیاری کردنی ئامانج.

2- دیاریکردنی جۆری گوێگر.

3- سەرنج ڕاکێشانی گوێگران بەمەبەستی تەشویق.

4- ئاگاداربوون لەکات وماوەی بەرهەمەکە.

5- لەبەرچاوگرتنی داب ونەریتی گشتی وبریندار نەکردنی هەستی گوێگر بەتایبەت بواری ئایین.

نوسەری سەرکەوتوو لەڕادیودا دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

*بەهرە وفێربوون.

*شارەزای سروشتی دەزگاکە وسیفەتەکانی هەبێ،دەبێ بزانی کە دەزگایەکی ڕادیۆیەکی ناوخۆییە وتوانای گەیاندنی بیرۆکراتی بەخەڵك سنوردارە.

*بزانێ پەیامەکانی بۆ چ جۆرە گوێگرێك ئاراستە دەکات

*ڕۆشنبیریەکی گشتی لەهەموو بوارەکاندا وڕۆشنبیریەکی تەواولەبوارەکەیکەبۆی دەنوسێ (سیاسی،وەرزشی,کۆمەڵایەتی، هونەری).....هتد

*تێکەڵ بوون لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵك ئاویتە بوون لەگەڵ ئیش وئازار وخۆشیەکانیاندا[22].

ڕادیۆ لە ڕووی گەیاندنەوە دەکرێ بڵێین بەیەکەم دەزگادادەنرێ کە بەشێوەیەکی گشتی پەیامەکانی بۆ خەڵك پەخش دەکرد، هەر چەند بەر لە دروست بوونی ڕادیۆو جۆرەکانی تری پەیوەندی کردن هەبووە بەڵام ئەم پەیوەندی کردنە سنوردار بووە کە لە نێوان چەند کەسێکدا بووە،بەڵام ڕادیۆو بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەکانی ئاڕاستە کردووە لەسەرەتاوە تەنها هەواڵی شەڕ و ڕێنمایەکانی سەرکردەکانی بۆ خەڵك بڵاوکردۆتەوە،دواتر بەرەبەرە بەرنامەکانی لەسیاسیەوە بەرەو کۆمەڵایەتی وبوارەکانی تر ڕۆشت تا هەموو بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤی گرتەوە.

لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا تەکنەلۆژیا وداهێنانی تەلەفزیۆن،کە زۆر لەزانایان لەو باوەڕەدابوون کە داهێنانی تەلەفزیۆن ڕۆڵی ڕادیۆکان کەم دەکاتەوەوئەو کاریگەریەی جارانی نامێنێ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە تەلەفزیۆن کاریگەری

22 حەسەن یاسین 34وانە لەبارەی ڕۆژنامەنووسی ورۆژنامەنووسی کوردیەوە ل52-53.



خۆی هەبووە زیاتر بینەران وگوێگران پەیوەست کردەوە بە بەرنامەکانی لەبەرئەوەی لەیەك کات دا بیسەر وبینەربووە،بەڵام وابووە گرنگی وکاریگەری خۆی **لەدەست** نەداوە،چونکە ڕادیۆو لەهەموو شوێنێك و کاتێك هاوڕێی مرۆڤە وئەتوانێ بەئاسانی گوێی لێ بگرێ ،هەر لە هەواڵەکانی ڕۆژانە هەواڵ بەزووترین کات بە وەرگرەکان دەگات[23].

-**مارتن باربرۆ** martin Barbero **دەڵێت**:

ڕادیۆ لەدروست کردنی نەتەوەکان لەئەمریکای لاتیندا ڕۆڵی زۆر سەرەکی گێراوە. بۆنمونە کاتێك لەچلەکاندا یەکەم شەپۆلی ڕادیۆلە وولاتی ئەوسای کۆلومبیادا نێردران هەر ئەو شەپۆلانە بوون بە هۆی ئەوەی کە زۆر هۆز وعەشیرەتی شوێنە دوورەکان بزانن کە ئەوان خەڵکی کۆلۆمبیان ووردە ووردە هەستی کۆلۆمبیابوون یان نەتەوەی لای ئەوان دروست کرد بەم شێوەیە ئەوان وکۆلۆمبیا لەگەڵ یەکتری گرێ دا[24].

23 س-ماکوان،سایتی دیمانە،میدیای کوردی وشوێنەواری لە دروست کردنی هەویەتی نەتەوەی کورد.

24 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## -تەلەفزیۆن:

**تەلەفزیۆن وەك مێژووی دروست بوونی لەچاو ڕۆژنامە وڕادیۆ وتەمەنێکی کورتی هەیە،بەڵام کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ گەیاندنی هەواڵ وڕووداوەکانی ڕۆژ بەهاوڵاتیان لەهەر سوچێکی دنیادا.**

**ئەوەی گرنگە کەسێ جۆری پەیوەندی هەیەکە هەرسێکیان لەتەلەفزیۆندا هەیە**

**1/پەیوەندی چاو لەچاوی یەکتربڕین"ڕوو بەڕوو کەلەم پەیوەندیەدا تایبەتمەندی دیالۆك وپێکەوە ئاخافتنی هەیە ولە دوولاوە زانیاری ئاڵوگۆر دەکرێ.**

**2/پەیوەندی میدیای دوراو دووریانی پەیوەندی تێکەڵاوی وەك لەرێگەی ئەنتەرنێت وتەلەفون،ئەم جۆرە پەیوەندییە زانیاری دەگەێنێتە تاکەکان کەلەبارەی شوێن وکاتەوە زۆر لەیەکتری دوورن**

**3/پەیوەندی (kvasi)کڤازی ئەم جۆرە پەیوەندیە بەهۆی ڕادیۆ وTVەوە ئەنجام ئەدرێ لەم پەیوەندییەدا دەستگەشتن بەزانیاری وئاڵوێری زانیاری لەپلەیەکیزۆر بەرزدا ئەنجام دەدرێ لەم**



**دووبارەیەوە لەگەڵ جۆری پەیوەندی یەکەم جیاوازی هەیە لەپەیوەندی (kvasi)دا لەلایەکەوە وەرگرانی سیمبولە لەمیدیاکان وەك ژمارە یەکجار زۆرن ولەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندییەکە بەپێچەوانەی (چاو لەچاوبڕین)دوولایەنەنی یە وتەنها یەکلایەنەیە یانی یەك پەیام دەنێرێ ویەك پەیام وەدەگرێ وئیتر وەڵامێکی ڕاستەوخۆلەلایەن وەرگرەوە نادرێتەوە،ئەگەر لەپەیوەندی کفازی داپەیوەندیە کە یەکلایەنەیە ئەمە بەو مانایەی کە پەیوەندی یان ئینتراکسیۆن کەمتر دەبێتەوە بەڵکو لەپەیوەندی زۆرتر دەبێ تەنها جیاوازییەکە, ئەوەیە کە لەم جۆرەی پەیوەندییەدا لەهەل ومەرجێکی بەتەواوی کۆمەڵایەتی وسۆسیالدا پەیوەندییەکە بەو شێوەیەکە بەشێك بەرهەمهێنەری پەیوەندییەکان ،بەشەکەی دیکە وەرگرانی زانیارییەکانن[25].**

**سرێبیرینی sreberny لەبارەی تەلەفزیۆنەوە دەڵێ:**

**تەلەفزیۆن دەبێتە ئاوێنەیەکی نەتەوەیی کە ژن وپیاو وپیرو لاو پێشکەوتوو و دواکەوتوو خۆی ناسنامەی خۆی تیادا دەبینێتەوە،میدیا ڕۆڵی زۆر لە دروست کردن وبەهێز کردنی هۆشیاری نەتەوەییدا هەیە،ولەو سونگەیەشەوە دروست کردنی**

---

25 س-ماکوان,سایتی دیمانە,میدیای کوردی وشوێنەواری لە دروستکردنی هەویەتی نەتەوەی کورد.

ناسنامەیەکی نەتەوەیی مەسەلەیەکی نوێ نییە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کەیەکەم دەزگای ڕادیۆیی دروست کراو لەنیو جیهاندا بڵاوبووە[26].

زانای سیوسیولۆژی سویدی(هۆکان تۆرن) دەڵێ: دەزگا نوێیەکانی ڕاگەیاندن کارئاسانیەکی زۆریان کردووە کە ناسنامە نوێ یەکان لەڕێگای دوورەوە لە مەودایەکی زۆرکەمدا لای وەرگر بچەسپێنن.

تەلەفزیۆن کاریگەری ئیجگار زۆری هەیە بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکان لەهەموو ڕووپکەوە، کوردناس (مارتن برۆینسین Bruinessen لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆسیسی سازکردنی نەتەوەیی کوردا بەتایبەتی لەباکوری کوردستان سێ هۆکاری سەرەکی دەست نیشان دەکات:

1/دروست بوون وسەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk.

2/بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەتاراوگە.

3/کردنەوە و وەگەر خستنی تەلەفزیۆنە ئاسمانیەکان بەتایبەتی Med- TV[27].

26 س– ماکوان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. بەشی دووەم.



لایەنێکی دیکەی پەیوەندی کڤازی لەتەلەفزیۆن کە(تۆمسوت)باسی دەکا،شتێکە کەئەو ناوی ناوە(دەرخستن وپیشاندانی شاراوەکان ئەمەش بەو مانایییەکە تەلەفزیۆن ئەو شتەیکە شوێن ولەکاتی دیکەوە جیاوازدا بۆ کەسێك شاراوەیە، تەلەفزیۆن دەریدەخا وپەردەی شاراوەیی لەسەر هەڵدەداتەوە ئەمە لە کاتێکدایە بەر هەمێنەری ئەو بەرهەمە تەلەفزیۆنانە بۆ خۆیان لەبارەی فیزیکییەوە لەوەرگران دوورن وبێجگە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە نەبێ هیچ پەیوەندی دیکەیان لەگەڵ وەرگرەکاندا نییە لەڕاستیدا تەلەفزیۆن کارێك دەکا کە هەرسێ جۆری پەیوەندی (چاو لەچاوی یەکبڕین)بەپەیوەندی میدیایی وپەیوەندی کڤازی هاوکات دروست بن وئینتراکسیۆنی ئیدیڤییدەکان لەگەڵ یەکتری چڕترببنەوە[28].

27 س–ماکوان سایتی دیمانە .میدیای کوردی شوێنەواری لەسەر دروستکردنی هەوییەتی نەتەوەیی کورد.

28 هەمان سەرچاوە.بەشی دووەم.

## **ئەنتەرنێت** news group،e-mail:-

ئەم دوانە هوكارێكن بۆ بەشداربوونی هەموو تاكەكان لە وەرگرتنی زانیاری وئاڵو گۆڕی ئەو زانیارییانە بەبێ هیچ سانسۆر وكۆنترۆڵێك،شێوەی لەیەك نزیك بوونەوەی مرۆڤەكان ڕەنگێكی نوێ بەخۆیەوە گرتووە،تەكنەلۆژیای نوێ ڕوانگەی ئیمەیشی بۆ واژەی زانست دەگۆڕێت.واژەیەك كەتاماوەیەك پێش بەواتای كۆمپیوتەرێكی بچوكدا جێگەی بۆتەوە[29].

Derrick de kerenove دەڵێ: تەكنەلۆژیای نوێ مرۆڤەكان لەبینەرێكی پاسیڤەوە دەگۆڕێ بۆ بینەرێكی ژیر كە زانیاری وەردەگرێت وبەرامبەر ئەو زانیاریانە هەڵویست وەردەگرێ چ بەمەش دەگوترێ بەرزبونەوەی ئاستی زانیاری نێوان بینەر وسەرچاوەی زانیاریدەر[30].

لەم سەردەمەدا تەكنەلۆژیای نوێ شان بەشانی تیورییە نوێیە ئابورییەكان وهەروا ئەو ئایدولۆژیانەی لەگەڵ كۆمەڵێ هاوچەرخ وسیستمی كۆمەڵایتیدا دەگونجێن، ڕابەرایەتی گەشە كردنی كۆمەڵ دەكەن، لە دەیەكانی ڕابردوودا شایەدی ڕووخانی

29 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

30 پەری شاكەلی , تەكنولۆجی نوێ وگەشەی كۆمەڵ, سایتی دیمانە Mediemas svartabok.



كۆمۆنیست بووین و بینیمان چۆن نەخشەی دنیا گۆڕا وڕووخسارێكی نوێ گرتە خۆ،ئێمە شایەدی چەندین ناكۆكی سیاسی وقەیرانی ئابوری وشەربووین هەموو دنیا لەبارەی ئەم ڕوودا و كارەساتانەوە زانیاریان وەرگرت،ئەوەش لەڕێگەی كەناڵە جیاوازییەكانی ڕاگەیاندنەوە بەگشتی وتەلەفزیۆن وئەنتەرنێتیش بەتایبەتی.

ئازادی هەڵبژاردنی وەرگرتنی زانیاری لەكەناڵەكانەوە و هەروەها دەستگەیشتن بەم تەكنەلۆژیانوێ یە بۆتە هۆی دروست بوونی ڕوانگەیەكی نوێ لەبارەی سیستمی كۆمەڵایەتی وچۆنیەتی كاركردنی ئەم سیستمە.

لەگەڵ هاتنی تەكنەلۆژیای نوێ بیركردنەوە لەجیهانی بوون (گلۆبالیزەیشن)كۆمەڵ ودونیا ئاسانتربووە ئەوەی كە جیهان بەدێیەكی بچكۆڵەی بشوبهێنێ،لە تەنیا خەیاڵ هاتوتە دەرەوە لەراستی یەوە نزیكتر بووە،بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە پێشەوە جیهانیكردن وتەكنەلۆژیا بەرەو كوێمان دەبەن؟ئایا پێشكەوتنی تربەڕێوەیە؟ ئایاجیهان دەبێتە تاقە وڵاتێك كەتەكنەلۆژییا وبیری نوێ ئابووری بەڕێوەی ببات؟ئایا ئاوها وڵاتێك دیموكراتێك دەبێت؟ یان دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی جیاوازی ڕادەی زانستی نێوان هەژار وپارەدار؟ئایە هەژارەكانیش

بەرادەی دەوڵەمەندەکان دەستیان دەگاتە هەمان سەرچاوەی زانیاری؟ئایە هەمووان بەشیان لەدیموکراتێك بوونی وولاّتدا دەبێت؟دەڵێن تەکنەلۆژیادەبێتە هۆی زیادبوونی ڕادەی بێکاری،زیادبوونی جیاوازی ڕادەی زانستی نێوان هەژار ودەوڵەمەندەکان بەرزبوونەوەی ڕادەی نایەکسانی نێوان ژن وپیاو.

ئەگەر گەشبین بین دەبێت باوەڕبکەین کە تەکنەلۆژیای نوێ لەگەڵ بیری ئابوری سیاسی نوێدا دەبێتە هۆی هەنگاونان بەرەو گەشەپێکردنی مرۆۋ وجیهانی بوونیش دەبێتە هۆیەك بۆ هاوکارییەکی باشتر بۆ ئەوەی گرفتە جیهانیەکان چارەسەر بکرێن,بۆ نمونە گرفتی ژینگە،پیشەسازی ئابووری....هتد.

ئیدوار گالیانۆ دەڵێ: دوو لەسەر سێ ی مرۆۋ لەجیهانی سێیەمدا دەژین بەڵام دوو لەسەرسێ ی هەواڵنێری ناوەندە هەواڵنێرە گەورەکان لە (USA) وئەوروپا دەژین زۆربەی هەواڵەکانی جیهان لەخەڵکێکی تایبەتەوە بۆ قازانجی زۆرتر لە (USA) وئەوروپا هەیە. هەواڵ "باکور"تەنیا لەخۆی دەدوێت.ناوچەکان یان



وولاّتەکانی دی باشور زۆر کەم جێگەی سەرنجن مەگەر کارەسات یان شەڕێك لەوێ ڕووبدات[31].

## کاریگەریەکانی میدیا لەسەرتاك وکۆمەڵ:

چەمکی کارتێکردنی پەیوەندیەکان هەر چەندە لەبارەی مەعریفیەوە تاڕادەیەکی زۆر چەمکێکی پێناسە کراوە،بەڵام هێشتا دینامیکیەتی تێدایە وقابیلی دەستکاری وگۆڕین و گەشە شەسەندنە،دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بەتیۆرییەکانی کارتێکردنی پەیوەندییە جەماوەریەکان،بناسرێن هەموو ئەو تیۆرانە لەسەر ئەوە کۆکن کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وپەیوەندی کاریگەری ڕاستەوخۆ یان یان ناڕاستەوخۆ خۆیان لەسەرتاك وکۆمەڵ هەیە بەڵام لەڕووی کارتێکردنەوە جیاوازیان هەیە لەڕووی جۆر وقەبارەی کارتێکردنەکەدایە تیورەکانی کارتێکردنی پەیوەندیەکان دەکرێ بەسێ بەشەوە:

**1/ تێوری کارتێکردنی ڕاستەوخۆ**

**2/ تێوری کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ**

**3/ تێوری کارتێکردنی چالاك.**

**– تێوری کارتێکردنی ڕاستەوخۆ:**

31 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەپێ ئەم تیورە پەیام وەرگرەکان وەك پەرێك وان لەبەردەم ڕەشەباداو یان وەك هەوێر وان وپەیامنێرەکان بەئارەزووی خۆیان شێوە وشکلیان پێ دروست دەکەن.

لەبیستەکان تاکو چلەکانی سەدەی ڕابردوو زۆربەی سەرکردە ئایدۆلۆژیەکان باوەڕیان وابوو دەتوانن لەڕێگەی پەیوەندییە جەماوەریەکانەوە ئایدلۆژیە مەزنەکانیان بڵاوبکەنەوە،هەرلەبەر ئەوەشە لەوماوەیەدا زۆربەی دامەزراوەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان،لەژێر دەسەڵاتی چەند کەسێکدا بوو ودەیان ویست دەست بەسەر عەقڵی خەڵکدا بگرن،تاکو پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش سیاستمەدارەکان پێیان وابوو لایەنە دەروونی وکۆمەڵایەتیەکانی پەیام وەرگرەکان گرنگ نین[32].

## -تیوری کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ:

لەچلەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆربەی تیورەکانی کارتێکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە ڕووی پراکتیکیەوە هەرەسیان هێنا وقابیلی جێ بەجێ کردن نەبوون،ئەمەش زۆرلەسیاسیەکانی هاندا تاکو بیرلەچارەسەر بکەنەوە بۆیە چەندین لێکۆڵینەوە کراوە

32 مەجید سالح –زانستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان ل28–34.



لەئەنجامداگەیشتنە ئەو باوەڕەی کە تێگەیشتن لەپەیامی کەناڵەکانی پەیوەندی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وبەپێ هەلومەرجی دەروونی وکۆمەڵایەتی وژینگەیی دەگۆڕی.بۆیە لەتیوری ناڕاستەوخۆدا کۆمەڵێ فاکتەری یارمەتیدەربۆ سەرکەوتوویی پەیامی کەناڵەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەبەرچاوگیران بەواتایەکی تر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەرپەیامەکە هەیە.

## -تیوری کارتێکردنی چالاك:

ئەم تیورە لای وایە کەناڵەکانی پەیوەندیە جەماوەریەکان ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێك وپێك بەکاربهێنرێت ئەواکاریگەرییەکی زۆریان لەسەرجەماوەردەبێت،ئەم تیورەلای وایە تیورەکانی پێشوو لەبەهای کاریگەری زانستی پەیوەندییە جەماوەریەکانیان کەم کردۆتەوە، بۆ سەرکەوتنی دوو مۆدیلی زانستی دەهێنیتەوە.

1/ مۆدیلی دانیال لینەر کەباس لەڕۆڵی پەیوەندیە جەماوەریەکان وتێپەڕاندنی کۆمەڵگا تەقلیدیەکان بەرەوە کۆمەڵگای مۆدێرین دەکات.

2/مۆدیلی ئیڤرت راجرز که به مۆدیلی نەرویجی بەناوبانگە ئەو دوو مۆدیلە لەماوەی 1950بۆ 1960دەرکەوتوون لەهەموو مۆدیلەکانی تر کاریگە ترن[33].

## کەناڵە کاریگەرییەکان:-

گۆڕانکارییەکان لەبەشە جۆراو جۆرەکانی میدیا زۆر بەخێرایی ڕوو دەدەن،نزیکەی دەیەك پێش ئیستا بەدەگمەن باسی ئەنتەرنێت دەکرا،بەڵام ئێستا بۆتە واژەیەکی ڕۆژانە وهەموو ڕۆژێك سەدان هەزار ماڵپەری جۆراوجۆر دەبینرێن،هەروەها گۆڤار وڕۆژنامە وتەلەفزیۆنەکانیش ئاماژە بەو ماڵپەرانە دەدەن وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری.

لەرابردوودا دەتوانرا دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی ببینرێت،بەڵام ئێستا بینینی پتر لە(100)کەناڵ هەیە بەکارهێنای تەلەفۆنی دەستی وکۆمپیوتەر شەخصی (تایبەتی)بۆتە شتێکی ڕۆژانە.

لەساڵی 1991لەکاتی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە،فلیمێکی دڵتەزێن کەلەنەخۆشخانەیەکی کوەیت گیرابووبڵاوکرایەوە،ئەم فلیمە رەفتاری دڕاندانەی عیراقیەکانی بەهەموو جیهاندا پێشاندا ،لەم فلیمەدا نێرسێکی پەرستیاری گەنجی سەرلێشێواو نیشان دەدرێ کەلەنێو کۆمەڵێك لانکە وبێشکەی شکێنراوی ساوایانی تازە لەدایکبوودا بەگریانەوەبەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە وە کە چۆن سەربازە عیراقیەکان بەزۆر هاتنە ناو بەشی ئەو ساوایانە کە پێش کاتی خۆیان لەدایکبوون وچۆن بەزۆر بێشکە شوشەییەکانیان لێساندون ومنداڵەکانیان بەمردووی لەسەر زەوییەکە بەجێهێشتن،بەڵام دواتر دەرکەوت کە تەواوی ئەم ڕووداوە لەلایەن ڕاوێژکاری پێشووی(ڕێگان)مایك دیڤەر بەهاوکاری بیرۆکەیەکی پڕوپاگەندەی ئەمریکای بەناوی hill and knowhon ولەسەرداوای ئەمیرەکانی کوەیت داڕێژرابووئەو نێرسەش کچی باڵوێزی کوەیت بوو لەواشنتۆن وخوێندکاری زانستەگەیەکی ئەمریکی بووئەمەش ئەوەندە کاریگەری کردە سەر خەڵکی ئەمریکا تا بڕژێنە سەر شەقامەکان و پشتگیری لەبڕیاری جۆرج بووش بکەن بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراق لەکوەیت [34].

33 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

34 www.demane.com ە- تەکنەلۆژیای نوێ وگەشەی کۆمەڵ-پەری شاکەلی,بەشی دووەم.

ئەوکاتەی بەڕێکەوت کامیرایەکی تەلەفزیۆنی ئامادەبوو کە نارنجۆکێك لەمەیدانی شاری سارایيڤۆ(بەناوبانگترین شاری بالکان)ه تەقیوە گوللەی سربەکان تا ئەو مەیدانە بڕی دەکرد،68کەس کوژران ئەم رەشە کوژییە سربەکان لەدژی کریارە بێتاوانەکانی ناوشاربوو بووە هۆی شەرعیەتیێ بۆ ناتۆ کەدەست بەبۆمبارانی پێگەی سربەکان کەلەسەر شاخەکانی دەورووبەری سارایڤۆ بگات کوشتیاری مەیدانی سارایڤۆجیهانی هەژاند،بەنیشاندانی ئەو وێنە تەلەفزیۆنەی کەلەکاتی تەقینەوەکەدا گیرابوو.

نینك گوینگ دەڵێ: میدیاکان بێ ئەوەی لەشت بکۆڵنەوە،چەکدارە سربەکانیان بەبەرپرسیاری ئەو کوشتیارە ناوبرد هاوکات پسپۆری چەك unprofor وکۆمەڵێك پسپۆری دیکە لەولاتانی جۆراوجۆر لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەرئەورووداوە ئەنجام دا لەئاکامدا بۆیان دەرکەوت کەنارنجۆکەکە لەلایەن هێزە مسوڵمانەکانەوە هاوێژرابوو سەرەئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە16ی هەمان مانگ لەسارایڤۆ بڵاوکرایەوە بەڵام میدیاکانی جیهان



بیدەنگیان لێ کرد چونکە ئاشکراکردنی چۆنیەتی ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئەو وێنەی ئەوان پێشانیاندابوو یەکی نەگرتەوە[35].

کەناڵە تەلەفزیۆنیە بازرگانیەکان ڕێکتر وزێتر لە ڕکابەری یەکتردان بەبێ تێروانینی ئەوان،بازاری خاوەنێتی میدیاکان لەبرەودایە,ئەمەش سود بەخشە بەڵام سیاسەت وچاودێریکردنی کاروباری دەرەوە لەبارەی کاری دیموکراتی وهێنانی زانیاری زیان بەخشە.

لەماوەی چوار ساڵدا سێ کەناڵی هەرە گەورەی USA لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا چاودێری خۆیان کەمکردەوە لەساڵەکانی نەوەدەکاندا چاودێری هەواڵەکانی دەورووبەریان تا ئاستی نێو هاتە خوارەوە هەواڵەکان پتر سەبارەت بە خافلاندن وڕابردوو وئەو هەوالانەی کەزیاتر بۆ هاندانی شت کریین کاریگەری هەیە ،وەك پیشاندانی ژیانی خەڵکی بەناوەبانگ ,فیلم,شێوەکانی ژیان وهتدبوون.زۆربەی کەناڵەبازرگانییەکان لەجیاتی ئەوەی هەواڵنێر وڕۆژنامەوانەکانی خۆیان ڕەوانەی شوێنی ڕووداوبکەن، ئابوونەی هەواڵەکانی دەرەوە لەناوەندە هەواڵنێرە گەورەکانی وەك Reuters ڕۆیتەرز Associated Press ئەسۆشیتت

35 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پرێس وAptv دەکەن،بەڵام لەم بوارەدا BBC تایبەتە ئەوان 250 هەواڵنێری دەرەوەیان هەیە،هەروەها هەموو هەڵسەنگێنەرەکان کە بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بە ڕووداوەکانی جیهان دەدەن جەخت لەسەرئەوە دەکەن کەدەبیٚpublicserivce ڕۆڵی گێرانەوەیەکی هەمەلایەنەی هەواڵەکانی هەبێت چونکە کەناڵە بازرگانییەکان تەنها ئەو ڕووداوانە باسدەکەن کەلە بەرژەوەندی ئابووری خۆیاندا بێت.

وەزیری بەرگری پێشووی بەریتانیا دوگلاس هارد دەڵیٚ: بتەویٚ یان نەتەویٚ وێنەکانی تەلەفزیۆن کە سیاسیەکانی کاروباری دەرەوە مەجبور دەکەن لەو 25ناکۆکیانەی کە لە جیهاندا ڕوودەدەن هەڵبژێرن وگرنگی زیاتری پیٚ بدەن.سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج بۆشی باوك دەڵیٚ[36]: زانیاریم لەسەر ڕووداوەکان لە cnnوەزیاتر پیٚ دەگا وەك لە CIA، لێکۆڵەر ونووسەران لەم بارەیەوە یەکدەنگ نین. لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی باوەڕ پێکراو سەبارەت بەکاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر مرۆۋ نەکراوە نوێنەرانیش دەڵێن ئەوە خەڵك نییە بەڵکو گروپێکی تایبەتی ڕاگەینەرەکان وسیاسیەکانن کەهاندەری کارن

[36] پەری شاکەلی ,هەمان سەرچاوەی پێشوو.



گروپی سیٚ یەم پییێان وایە کە میدیاکان تووشی کارلێکی cnn بوون چونکەcnn پاڵپشتی دەسەڵاتی میدیاکانە گروپی چوارەم دەڵێن دەستەواژەی کارلێکیcnn شتێکی دروستکراوە چونکە cnn گرنگی لەدەست داوە[37].بەڵام زۆربەیان لەوەدا هاودەنگن کە وریایی بەسەرناکۆکی وڕووداوەکان،هەروەها ئاسان نیە وتەنانەت چاودێری بەسەر بەشێك لەکێشە گەورەکاندا نییە، ولایەنگیری لەیەکتر دەکەن ولەئاست هەڵویستی لایەنەکەی دی بیدەنگ دەبن وهەروەها هاودەنگی کە تەلەفزیۆن هەڵویستی جیاواز لەسەر ڕووداوەکان دەگیریٚ لە17ی دیسامبەری ساڵی 1989 هەزاران کەس لەدژی چاوچیسکوی دیکتاتۆر لەشاری Timisoarnaی ڕۆمانیا خۆپیشاندانیان ڕێکخست خۆپیشاندەرەکان بە تەقەلێکردن رووبەرووبونەوە وبەپیٚ قسەی بەرهەڵستکاران خەڵکێکی زۆر کوژرا،ئەم ڕووداوە سەرنجی میدیاکانی بە چەشنێکی بەرچاو بۆ لای خۆی ڕاکێشا وتەنانەت تەشەنەی سەندبوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانێك کە دەرئەنجامەکەی بەنەمانی دەسەڵاتی چاوجیسکو لە1989/12/24کۆتایی هات. بەر هەڵستکاران توانیان دواتر

37 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەپیشاندانی گۆڕێکی بەکۆمەڵ ئاخێنراو لەلاشەی بەپەرۆ پێچراو سەرنجی میدیاکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن،دواتر دەرکەوت ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە دروستکراوبوو ولاشەکان لەگۆڕستانی هەژارنشینەکاندا لەگۆردەرهاتبون،لەڕۆژنامە وگۆڤارەکان وتەلەفزیۆنەکان باس لە کوژرانی 4000 تا7000دەکرا، دواتر ئاشکرابوو ژمارەی قوربانیانی ئەو ڕاپەرینە لە ڕۆمانیا بەپیاوەکان چاوچیسکۆ لە(1000)کەس کەمتر بوو[38].

تایلەر سەرۆکی بەشی پەیوەندیەکان لە زانستگای بیرکردنەوە لەدەرئەنجامەکانی بە سودی دەزگا ڕاگەیاندنەکانە،ناردنی ڕۆژنامەوان بۆ ولاتە دوورەکان ودابینکردنی جێگا لەهۆتێلە گرانبەهاکاندا کەلەویٚ ئامێرە بەنرخەکانی سەتەلایەت بۆ ناردنی هەواڵەکان لەکاتە گرنگەکانی وەشاندا بەکار بێنن لە ڕووی ئابوریەوە لەسەر میدیاکان گران دەکەویٚ، لەگەڵ ئەوەشدا قەیرانی نێوان دوو یان چەند وولات خۆشترین ڕووداوە بۆ میدیاکان شەڕ پێکهێنەری شەپۆلێك لەتراژیدیای مرۆڤایەتی یە و واتە لەشکرکێشی وچەك کە دەبنە مایەی پێکهێنانی دەقی چاك وێنەی سەرنجڕاکێش شەر بزوێنەری هەستی نەتەوەپەرستی

[38],هەمان سەرچاوەی پێشوو, بەشی دووەم.



وترس ورقە کە دبێتە هۆی درووستبوونی دۆڕا و وبراوە کاتێك ولاٚتێك دەکەوێتە شەڕەوە، ژمارەی فرۆشتنی ڕۆژنامە، بیسەر ،بینەری ڕادیۆ تەلەفزیۆنەکان بەرز دەبێتەوە [39].

لەهەمان کاتدا پشتیوانی خەڵك وڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات کە تەنانەت درکاندنی ڕەخنەیەك لەو کاتەدا بەخیانەت لەقەڵەم دەدرێت.

39 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## هەواڵ چییە؟

سەرەتای نوسینی هەواڵ دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی 13-15ی زاینی, لەو سەردەمە جموجۆڵێکی بازرگانی بەهێز هەبوو،شاری (ڤێنیسیا)ی ئیتالیا مەڵبەندێکی بازرگانی بوو،بەهۆی ئەوەی کە شارێکی کراوە بوو چەندین ڕێگای سەرەکی بەیەکەوە دەبەستەوە، ڕۆژانە لەم شارە هەواڵی بازرگانی دەنوسرایەوە ودەفرۆشرا، دیارە لەو سەردەمە هەواڵەکان زیاتر بواری بازرگانیان بەخۆوە دەبینی دواتر ئەم هەواڵانە فراوان بوو هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی گرتەوە.

لەدوای داهێنانی ئامێری چاپ کردن لەلایەن گۆتەنبەرگ لەساڵی (1436)زایندا پیشەی هەواڵ نوسین فراوانتر بوو وگەیشتە ئاستی دەرچوونی بڵاوکراوەکان بۆ مەبەستی وەشاندنی هەواڵ بەشێوەیەکی فراوان، لەکۆتایی سەدەی (19)دا بەسەر هەڵدانی تەلەگراف وسەرەتای سەدەی بیست،پەیدابوونی ڕادیۆ وبواری هەواڵ بەڕادەیەکی زۆر گەشەی کرد تا گەیشتنی بەقۆناغی گواستنەوە وگەیاندنی هەواڵ لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە کە بەماوەیەکی کەم هەواڵەکە بڵاودە بووەوە.



## - پێناسەی هەواڵ:

پێناسەکردنی هەواڵ ئاسان نی یە, هەروا بەسەر پێی بتوانین پێناسەیەکی پڕاوپڕ بەخۆی بۆ بدۆزرێتەوە,لەهەمان کاتیش ئاسانەلەبەر لەبەرئەوەی هەریەکە ولە ئاستی خۆی بەشێوەیەك دەروانێتە هەواڵ. پسپۆران وشارەزایانی بواری هەواڵ هەریەکە وپێناسەیەکی تایبەتی بۆ کردووە،ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیە بۆ پێناسەی هەواڵ .

–هەواڵ هەرشتێك جێگای بایەخی خەڵك بێت وسەرنجی ڕابکێشێ پێ دەڵێن هەواڵ .

–ئەلبرت ل هستەروای لان، دانەری کتێبی ڕێبەری ڕۆژنامەنووسی لەجیهانی سێ دا:

هەواڵ بەپێی جیهانی سیاسی دابەشکردوو،لایان وایە لە جیهانی یەك بریتیە لەجەنگ وململانێ،بۆ نمونە ئەگەر بێت وخەڵك لەناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شارەوانی یان پەرلەمان یان لەشەقامەکان وگۆڕەپانی جەنگدا،شەریان کرد ئەوا چانسێکی باش لەئارادایە بۆ بوونی هەواڵ[40].

40 کاروان عەلی , هونەری ڕۆژنامەنووسی.

-هەندێ ڕۆژنامەنووسی ترلایان وایە هەرشتێك قسە ومشتومڕ لەنێو خەڵك بووروژێنێ هەواڵە.یان دەڵێن هەواڵ ئەو شتەیە كە ئەمرۆلات ئاشكرادەبی وتا دوێنێ نەتزانیوە,یاخود بۆچون هەیە كە دەڵێ: هەواڵ تومارکەری هەرپێشكەوتنێك وگۆرانكارییەكە،یان هەواڵ گەیاندنی هەرزانیارییەكی تازەیە[41].

-چارلس دانا char les dana دەڵێ:

ئەوەی گرنگە سەرنج ڕاكێشە لای كۆمەلانی خەڵك هەواڵە.

لەكتێبی مێژووی تایمس داهاتووە ڕۆژنامەیەكی ئینگلیزی بەناوبانگ:هەواڵ تۆماركردنی هەواڵەكانی تاكە كەسە بەرەو تێپەڕبوون لەئەو بەرگە لێڵەی ئاسۆدا دایدەپۆشێت گۆڤاری كولییری هەفتانەی ئەمریكی كۆڕێكی بەست وژمارەیەكی زۆری بنووسانی(ڕۆژنامەنوسانی) لەئەمریكا بانگێشكرد بۆئەوەی پێناسەیەكی ڕاستی هەواڵ بەڕۆژنامەكەببەخشێت بەڵام ئەندامانی لیژنەكە لەودا زۆرێك جیاواز بوون.گۆڤارەكە كە دەرچوو ژمارەیەكی گەورەی پێناسەی تێدابوو[42].

41 كاروان عەلی–هونەری رۆژنامەنووسی ل12–14.

42 محمد وەسمان–چەند لاپەرەیەكی رۆژنامەنووسیل78–79.



## -رەگەز و پێكهاتەكانی هەواڵ:

هەواڵ لەچەند بەشێك پێك دێت،دەروازە بۆچونە ناوهەواڵەكە یان دەست پێ كردنی هەواڵ،دوای ناوەرۆكی هەواڵ وكۆتایی.

هەواڵی تەواو دەبێ وەڵامی پێنج پرسیاری سەرەكی بداتەوە كە بریتین لە(كی،چی،چۆن ،كەی،لەكوێ،بۆ) هەرهەوالێك وەڵامی ئەم بنەمایانەی تێدانەبوو ئەوە لەڕووی زانستی یەوە هەواڵەكە ناتەواوە وپەیامەكەی ناگەیێنێ كە زانیاری تەواوەبە خوێنەر یان بیسەر بدات، لەگەڵ ڕستەیەكی هەواڵی ووشە كەمتر نەبێت.لەزۆرترین حاڵەتدا پرسیاری(كی وچی)گرنگترین پێكێنەرەكان دەبن، سەرەتا دەبێت زانیاری نوێ ی تێدابێت والە خوێنەر بكات كە بەردەوام بێت لە گەڕان بەدوای ئەوەی كە چۆن شتێك ڕوویداوە ڕستە زۆر و وروژێنەرەكە هەڵمەگرە بۆ كۆتایی،ئەوە بەخوێنەر بڵێ كە دەیەوێت بزانێ لەڕستەی یەكەمدائەگەر كرا بەشێوەیەك بكری دیار بنووسە،دەبێ جەختبكرێ لەسەردانانی ووشە كەمەكانی سەرەتای ڕستە.....

ڕستەكە بێ هێزمەكە بەسەرەتاكردنی بەووشەكانی (ئەو،یان،ئەمە)سەرەتایەك دەنوسرێ بۆبەكارهێنانی ئەم پێنج پرسیارەی سەرەوە.

نمونەی (1)

کی: حکومەتی بەریتانیا.

چی: ئامادەکاری کردووە بۆ ناردنی هەزار سەرباز بۆ عیراق.

کەی: بڕیاری کۆتایی نەدراوە،حکومەت پێش مانگی داهاتوو بڕیار دەدات.

لەکوێ: لەسێگۆشەی سونی.

بۆ:بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی ئەمریکا بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری.

چۆن: هێشتانەزانراوە[43].

نمونەی (2)

کێ: مام جەلال.

چی: کاندید کرا ببێتە سەرۆکی کۆماری عیراق،بۆ ئەوەی کاروباری وولات بەڕێوە ببات.

کەی: شەممەی ڕابردوو وتەبێژێکی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند.

لەکوێ: کوردستان–عیراق.

43 ئەنستیتۆی رۆژنامەوانی جەنگ–ئاشتی– بنەماکانی رۆژنامەگەری جیهانی ل16.



بۆ: لەبەر ئەوەی یەکێکە لەسەرکردەکانی عیراق وهەموو تەمەنی حۆی بۆ خەبات کردن لە دژی دیکتاتۆریەت تەرخان کردووە وسەرکردەیەکی دیبلۆماسی پێشکەوتوخوازە[44].

نمونەی (3)

کێ: شێرکۆ بێکەس.

چێ: دیاری کرا بۆ وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

کەی: چوارشەممەی ڕابردو.

لەکوێ:سلێمانی–کوردستان.

بۆ: لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە وشارەزایەکی زۆری هەیە لەبواری ڕووناکبیری دا.

## ڕەگەزەکانی هەواڵ:

شارەزایی ڕۆژنامەنووس لەڕەگەزەکانی هەواڵ زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێ هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی زانستی پڕ لەزانیاری

44 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بدات بەخوێنەر. لەم بارەیەوە (جۆزیف پوڵیتەرز) ڕۆژنامەنەنووسی دێرین وبەتوانا ئامۆژگاری پەیامنێران و ڕۆژنامەنووسان دەکات کە دەبیٚ بەدوای ئەم هەواڵانە بگەڕێن کە ئەم سیفەتانەی تێدا بێت.

1/ ڕەسەنی بێت واتە هەواڵێکی دروست کراو نەبێت ولە ڕاستی دا ڕووی دابێت.

2/ دیاربیٚ واتە ئەو هەواڵە جێگای بایەخی خەڵك بێت.

3/ ڕۆمانسی بیٚ ئەم لایەنە لەهەواڵدا لەبەرچاو بگیرێت بۆئەوەی خوێنەر زیاتر بەلای خۆی کێش بکات.

4/ هەست بزۆێنەر بیٚ،واتە هەواڵەکە ووشك نەبیٚ بەئاسانی هەستی خوێنەر بجولێنیٚ.

5/ دەگمەن بیٚ،ئەو هەواڵە جێگای بایەخی خۆی هەبێت لەکۆمەڵگەدا،هەموو کەسیٚ پەی بیٚ نەبردبیٚ واتە هەواڵەکە دەگمەن بیٚ.

6/ سەرنج ڕاکێش وکۆمیدی بێت بیٚ.

7/ سەیربیٚ.

8/ شایەنی تێبینی بیٚ.



ڕۆژنامەنووس پولیتەر توانی ڕەگەزە سەرەکیەکانی هەوالٚ لەسەردەمی خۆیدا بەگوێرەی پێوەرە ڕۆژنامەنووسیەکان دیاری بکات،کە ئێستاش لەکاری ڕۆژنامە نووسیدا کاری پیٚ دەکریٚ.

لەدوای پۆلیتەر چەندین ڕۆژنامەنووسی تر جەخت لەسەر چەند ڕەگەزێکی تر دەکەنەوە وزۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە وگۆڤارەکان کاریان لەسەر دەکەن لەکاری ڕۆژانەیاندا بەکاریان دەهێنن.

1/ تازەیی–هەنوکەیی–نزیکی کات

لەناوەندە گەورەکانی ڕۆژنامەنووسی دەوتریٚ هەواڵی دوێنیٚ بۆ ئەمرۆ هەوالٚ نییە.واتە هەواڵەکە تازەبیٚ وبۆ ماوەیەکی کورت،چونکە هەوالٚ ماوەیەکی بەسەرداتێپەری نابێتە هەوالٚ[45].

2/ نزیکی شوێن: ڕۆژنامەنووس دەبیٚ سەرەتای کارەکەی کە هەواڵە دەبیٚ بایەخ بەهەواڵەکانی نیشتمانی خۆی بدات ئینجا بەدەورووبەری خۆی ودواتر بۆ شوێنی دورتر،هەواڵی هاربوونی مردنی سیٚ کەس لەکوردستان گرنگترە لەهەواڵی لافاوێك کە سەدان خەڵکی لەناوبردبیٚ لەئەسپانیا،چونکە ئەوەی یەکەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەچەند کەسانێکی ناوخۆوە هەیە بەڵام هەواڵی دووەم ئەوەندە نابێتە جێگای بایەخ.

[45] د.مۆفەق دەرگەڵەیی, موحازەرەکانی بەشی راگەیاندن زانکۆی سلێمانی.

3/ گرنگی کەسایەتیەکان:

ئەو چالاکیانەی کە کەسە ناودارەکان وسیاسیەکانی کوردستان پێ ی هەڵدەستن،دەبنە ڕەگەزە گرنگەکانی هەواڵ چونکە دەبنە جێگای بایەخی جەماوەر سەرنجیان ڕادەکێشن، تەنانەت زۆر جار دز وجەردە وتێرۆرستیش دەبنە جێگای بایەخی خەڵك.

لەناوجەماوەر یان لەهەر شوێنێك بێت کەسایەتیەك هەیە ئەنجا سیاسی بێت کۆمەڵایەتی کە جێگای بایەخی خەڵکە، بۆ ئەوەی باسی لێوە بکەن وهەواڵەکان بزانن.

4/سەیر وسەمەرە:

سەیر یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە هەواڵنووس پشتی پێ دەبەستێت چونکە جێگای بایەخ دانی خەڵکە بەگشتی هەواڵی سەیر وسەمەرە تەواوی کۆنترۆڵی خەڵك دەکات،چونکە لایان جێگای سەرسورمانە.

ئەو کارانەی کە لەژیانی مرۆڤ بۆ یەکەمین جار ڕوویان داوە بوونەتە هۆی سەر سورمانی خەڵك. نمونە

1/یەکەم کەس چووە بۆشایی ئاسمانا.

2/یەکەم کۆپی کردنی مرۆڤ.

3/چەندینی تر.

5/ ململانێ:



هەموو ململانێکی نێوان سیاسیەکان وجەماوەر، یان هەر گروپێکی تر لەنێوان وڵاتان یان جەنگ وپێکدادان وناکۆکیەگەرمەکان بەشێوەیەکی ئاسایی جێگای بایەخی خەڵکن.

هەربۆیەش کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر بایەخ بەم لایەنە ئەدەن،ئەگەر چاوێك بەڕۆژنامە جیهانەکان وسایتەکانی ئەنتەرنێت بخشێنن،دەبینین ڕۆژانە ئەو هەواڵ وململانیانە بڵاودەکەنەوە.

6/سێکس:

هەر ڕوداوێك کە پەیوەندی بەژیانی مرۆڤ وسێکسەوە هەبێت،وەك ڕوداوەکانی دەست درێژی سێکسی بە ڕەگەزێکی نوێ هەواڵ دادەنرێ وجێگای بایەخی خەڵکە بۆ بەڕۆژنامەنووسان, زیاتر هەواڵی بەدەست هێنانی ئەم هەواڵانە ئەدەن؟ لەزۆرێکیش لەوڵاتان ڕۆژنامە وگۆڤار وکەناڵی تەلەفزیۆنی وسایتی ئەنتەرنێت هەن.

7- قەبارە:

روداوێکی گەورە وگرنگ وبایەخی زۆری هەیە لەلای جەماوەر لەروداوێك کە بچوك بێت.

8/بایەخی مرۆیی:

لەیاسایی ڕۆژنامەنووسی دا هەواڵ ئەو شتەیە کە زۆر ترین خەڵك بایەخی پێ بدەن وسەرنجیان ڕادەکێشێ واتە هەواڵ دەبێ هۆکاری کاریگەری تێدابێت بۆ کار تێکردنی خەڵك. بۆ نمونە ئەو هەواڵانەی کەباسی پارە وباج وموچەی فەرمانبەر ...هتد کەبیرو هۆشی مرۆڤ دەجوڵێنێ وای لێ دەکات،مشت ومڕ دروست دەکات.[46]

46 کاروان عەلی–هونەری ڕۆژنامەنووسی ل17–18



## جۆرەکانی هەواڵ:

**هەواڵ بەگشتی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دابەش دەکرێن**

**یەکەم: بنەمای جوگرافی کەلەم حالەتەدا هەواڵ دەبێتە دوو جۆر**

**1–هەواڵی ناوخۆ.**

**2–هەواڵی دەرەوە.**

**– هەواڵی ناوخۆ ئەو هەواڵانە لەخۆ دەگرێ کە هی وولاتێکە کە ڕۆژنامەکەی لێ دەردەچێ.**

**–هەواڵی دەرەوە ،هەواڵەکە ناوچەیی وجیهانیەکان لەخۆ دەگرێ واتە هەواڵەکانی دەرەوەی ئەو ولاتەی کە ڕۆژنامەکەی تێدا دەردەچێ.**

**دووەم:بنەمای کات کە ئەویش دەبێتە دوو جۆر :**

**1–هەواڵی پێشبینی کراو:**

**لەم جۆرە هەواڵانەدا ڕۆژنامەنووس پێشبینی ڕووداوی هەواڵەکەی کردووە وتیبینیەکانی لای خۆی تۆمارکردووە.بۆ نمونە هەواڵی بونی مام جەلال بەسەرۆکی کۆماری عیراق ، پیشتر ڕۆژنامەنووسان پێشبینیان کردووەکەبوو لەشارەکانی کوردستان دەبێتە ئاهەنگ وخۆشی ئەو هەواڵە ڕەنگە لەدەرەوە یان لەناوخۆ بێت کە ڕۆژنامەکەی لێ دەردەچێ.**

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێ ئەم جۆرە هەواڵە مادام پێشتر خەڵك زانیویەتی گرنگی خۆی لەدەست دەدات بەڵام لەڕاستی دا وانییە،چونکە ئەوەی لێرە گرنگ ئەوەیە کە ڕووداوەکەچی لێ دەکەوێتەوە،یان ئەنجامەکەی چی دەبێ،ئەمەش خۆی بەخویدا شتێکی تازە ونوێ دەبێ واتە ڕەگەزیی تازەی تێدا هەردەمێنێ.

–هەواڵی پێشبینی نەکراو:

ئەم هەواڵەش ناوخۆیی بێت یان  ئەقلیمی نێو دەوڵەتی.

لەم هەواڵەدا پێشتر چاوەڕێ ڕوودانی ناکرێ وهیچی لەبارەوە نازانرێت لەپڕێکدا ڕوو ئەدات، وەك ڕووداوە سروشتیەکان، ئاگر گەوتنەوە، تەقینەوەی گەورە، کەوتنە خوارەوەی فرۆکە،بن ئاوکەوتنی کەشتیەك...هتد.

هەواڵی پێشبینی نەکراو،ئەگەر هەواڵەکە گەورە بێت وکارەساتی گەورەی لێ بکەوێتەوە،دەبێتە جێگای بایەخی خەڵك وڕۆژنامەکان دەیکەنە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکان ئەم هەواڵە ڕووبەرێکی زۆری لاپەرەی یەکەمی ڕۆژنامەکان دەگری وبایەخی لەهەواڵەکانی تر کەم دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەش زۆر جار ئەگەری ئەوە هەیە هەواڵەکە پێشبینی کراوەکان بگۆڕێن ببنە هەواڵی پێشبینی نەکراو،وەك هەڵوەشاندنەوەی سەفەری سەرەك گۆمار یان سەرەك وەزیران,یان



کۆبوونەوەیەکی هێمنانەی پەرلەمان ئاژاوەیەکی زۆری لێ بکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەم هەواڵانەش کەلەسەرەوە باس کران،هەواڵ لەسەربنەما تەقلیدیەکان دەکرێ بەچەند بەشێکی ترەوەوەك:

–هەواڵە تەقلیدیەکان:

*هەواڵی سیاسی.

*هەواڵی ئابووری.

*هەواڵی کۆمەڵایەتی.

*هەواڵی ڕووداوە سروشتیەکان.

*هەواڵی وەرزشی.

*هەواڵی تایبەتی کەسایتیەکان.

* هەواڵی دادگا وتاوانەکان.

*هەواڵی دامەزراو و دەزگا ڕەسمیەکان.

* هەواڵی هونەری,ئەدەبی,زانستی...هتد.

## -بەهای هەواڵ:

بەهای هەواڵ خاڵی بەیەك گەیشتنی زانستە کۆمەڵایەتییەجیاجیاکانەوە کاملبون نزیك بونەوەیە لەتوێژینەوە مرۆڤایەتی لێکهەڵاوێر دەکریٚ(توێژینەوەی بەها هەرلەچوار چێوەی فکیری فەلەسەفیدا گیر ناخوات بەڵکو ڕەت دەبیٚ لە گشت مەیدانەکانی ژیانی ئابووری ،سیاسی، کۆمەلایەتی دا. چەمکێکی گەوهەرخۆی لەقەرەی هەموو شێوەیەکی پەیوەندی مرۆڤایەتی ئەدات [47],

## - پێناسەی بەهای هەواڵ:

یۆهان گالتونگ وماری روگە: دەڵێ چەند پێوەر گەر هەندێکیان یان گشتیان لەڕووداوێکدا هەبوون ئەگەر باسکردن وڕاگەیاندنی زیاتری دەوێت، ئەم پێوەرانەش بریتین لە دوو بارە بونەوەی،گەوریی وڕوون وئاشکرا وهۆگریی وکتوپریی وبەردەوامی وپێکهاتەبوون.

ئەم پێناسەیەم لە گۆشەی پەیامی (ڕووداو یا هەواڵ )ەوە دومیان پەیوەندی بەنێرەر(کی پەیوەندی دەبەستیٚ)ی

[47] هاشم حەسەن ,بەهای هەواڵ ,گۆڤاری رۆژنامەنوسان,ژمارە(2) ل 14,ساڵی 2002.



ڕاگەیەنەرەوە ولەبەر ڕۆشنایی شێوە سادەکان کرداریپەیوەندی گرتنی بەهاکانی هەواڵەوە دەدریٚ.

جون هارتلی: ئەم زاراوەیەی بە(درك پێکردنی هەواڵ) ناوبردووە،بەهای هەواڵ لەوپێناسەکردنە نویٚ یەدا(وەسف کردنی توانایی خوێنەر لای کوێگر یان بینەرە لەوەرگرتن وتێگەیشتنی پێوەر وهێما وعورف وعادەتی بەرنامەکانی هەواڵەوە بتوانیٚ بەو هێمایانە لە هەواڵدا هەن جیهان راڤە بکەن،ئەم پێناسەیە راستەوخۆ باس لەنێرەر یان ئەو کەسەی پەیوەندیەکە مەبەستی ناکات، بەڵام ناراستەوخۆئاماژە بەڕەنگاوڕەنگ بوونی هەواڵ دەکات بەو هێمایانەی جەماوەر لەڕیٚیەوە دەتوانیٚ لەخۆوە جیهانی پیٚ شی بکاتەوەو پێدەچیٚ ئەم ئەرکە کەکەسی پەیوەندی کار پێی هەڵدەستیٚ[48].

-د. سەعید محەمەد سەید دەڵیٚ: مانای بەهای هەواڵ (ئەو توخمانەن پێشتر دەست نیشانی هەر هەواڵێك دەکەن و ڕوون وئاشکرایە، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر جۆرێکی تایبەتی هەواڵ جەخت دەکەنەوە کەهەواڵی نویٚیەspot news واتا ئەو هەواڵانەی توخمی هەولٚ و کۆشش (الجدە)ی تێدا دەست

[48] هەمان سەرچاوە ل16.

دەکەویٚ،یا ئەوپیٚ ی دەگوتریٚ، دەست پیٚشخەری ڕۆژنامەنووسی(سبق الصحفي)ی تیٚدایە هەروەها ئەوی لەجۆرە ڕیٚککەوتنیٚك دەچیٚ،لەبارەی چەند توخمی دیکەوە،بەلاٚم لایەنە جیاوازەکانی هەموویان گەلیٚ قولٚن.

– جۆن بیتەر لەبارەی بەهای هەوالٚەوە دەلٚیٚ: بەهای هەوالٚ زاراوەیەکی ڕیٚژەییە، ئاماژە بەبەها یا بایەخی ڕووداو یا ئەگەری کاریگەری ڕووداویٚك لەچاو ڕووداویٚکی دیکە یا ئەگەری چیرۆکە هەوالٚی دیکە دەکات.

لەفەرهەنگی زاراوەکانی ڕاگەیاندندا پیٚناسەیەکی کورتی کراوە: هەلٚسەنگاندنی بایەخی هەوالٚەوە،ڕادەی هەلٚکردنیەتی لەگەلٚ سیاسەتی ڕۆژنامە وبەرژەوەندی گشتی،لەسەر ئەم بنەمایانەشویٚنی بلاٚبونەوەی یا ئەو ڕووبەرەی تیٚدا بلاٚودەبیٚتەوە دیاری دەکریٚ, گەر هەوالٚەکە هی ڕادیۆ بووبیٚت,دەستنیشانی ماوەی پەخش بوونی شویٚنی لەدەنگ وباس وهەوالٚەکاندا دیاری دەکریٚ.

–ماکویل: ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا لەو بڕوایەدان بەشارەزای خۆیان هەوالٚ دەناسنەوە هەریەکەیان بەزیرەکی خۆیان بەهاکانی هەوالٚ دەست نیشان دەکەن، هەر ڕۆژنامەیەك خۆی بەباشتر دادەنیٚ، هەرلەبەرئەوەیە



ڕۆژنامەنووسان بەپۆلیٚن کردنی بەهاکانی ڕازی نین، سەرباری ئەوەی (ماکویل)باس لەپۆلیٚن کردنی بەهاکان دەکات [49].

[49] هەمان سەرچاوە ل17.

## پۆلێن کردنی بەهای هەواڵ:

شارەزایان وپسپۆرانی بواری ڕۆژنامەنووسی هەریەکەیان بەشێوەیەك بەهاكانی هەواڵیان پۆلێن کردووە،پۆلێن کردنی هەواڵیش ڕەنگە بەبێ شوێن وکاتی ڕووداوی هەواڵەکە بێت وهەریەکە لەڕوانگەی خۆیانەوە پۆلینیان کردووە،بەڵام زۆربەی بۆچونەکان لەکاتی پۆلێن کردنی هەواڵ لەیەکترەوە نزیکن.

-جۆن لۆك: بەهاكانی هەواڵی بەگوێرەی دابەش بوونی لایەنی سیاسی جیهان پۆلێن کردووە:

یەکەم: بەهای هەواڵ لەجیهانی یەکەم وولاتە پێشکەوتوەکان

تازەیی.

نزیکی شوێن.

کەسایەتیە دیارەکان.

ڕووداوە ئاساییەکان.

بایەخی مرۆیی.

دووەم: لەجیهانی دوورە ولاتە تۆتالیتاریەکان ودیکتاتۆرەکان.



مەبەست ودەلالەتی ئایدۆلۆژی.

بابەتی جێ ی بایەخی لایەنە سیاسیەکان (حزب)بەپلەی یەکەم.

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

ووشیارکردن.

سێیەم: لە وولاتانی جیهانی سێ هەم وولاتە تازە پیگەیشتووەکان.

گەشەپێدان لەبواری ژێرخانی ئابوریدا.

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

لایەن وئاراستەی نیشتمانی پەروەریەتی.

تازەیی هەواڵ.

نزیکی شوێن.

سیۆسیۆلۆژیە سویدیەکان گالتونگ وروگا ساڵی 195-1973 وهابرێت گانزی ئەمریکی دوانزە ڕەگەزیان بۆ بەهای هەواڵ داناوە کە ئەمانەن:

پێوەری ڕووداوەکە: ئەگەر ڕووداوی هەواڵەکە بچوك بێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ خۆی تێ دەپەرێ بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات.

ڕوونی وئاشکرایی.

دووباره بوونەوه یان کاتی ڕوودانی.

ئامانجداربێ.

گونجان.

کتوپری.

بەردەوامی.

ژێرخانی پێکهاته.

نەتەوەیی نوخبە.

جەماوەری نوخبە.

کەسایەتیەکان: ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڕووداوێکەوە ناسراو دەبن .

لەیەك نزیکی فەرهەنگیی وپەیوەندی.

جزنسیون خولیا هاریسی بەهاکانی هەواڵ بەسێ جۆری سەرەکی دەناسێنێ:

سیفاتی ڕەسەنی تایبەت بەڕووداوەکە.

ململانێ (گرژی–سەرسوڕمان).

پێشکەوتن–سەرکەوتن.

کارەسات–دۆڕاندن، کاولکاری.

ئاکام دەرئەنجامی– هۆکاری.



نێو بانگ دەرخستن.

تازەیی.

تێڕوانینی مرۆیی.

ئەو سیفەتانەی جێگای ڕەزامەندین

تازەیی ڕووداوەکە.

روداوەکە زیاتر پەیوەندی بەخوێنەری ناوخۆوە هەبێت [50].

ج. 1. سێکس.

. ئاژەڵ.

## قاڵبەکانی هەواڵ نووسین:

لەڕۆژنامەنووسی جیهانیدا بەکارهێنانی قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ مێژوویەکی دێرینی هەیە،ڕۆژنامەکانی خۆرئاوا بەتایبەتی بەریتانیا قاڵبی بە ڕووداوێکی زەمەنیان بەکار هێناوە،بەڵام لەماوەی ڕابردوودا وئێستاش زۆر بەدەگمەن ئەوقاڵبانە لەڕۆژنامەنووسی کوردی دا بەکار هێنراون وهەرەمەکیانە ئەو

50– کاروان عەلی،هونەری ڕۆژنامەنووسی ،سلێمانی 2004، ل19–22.

هەواڵەی چەنگ کەوتووەو داپڕشتووە لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامە وچاپی کردووە.

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پێشکەوتنێکی گەورەی لەبوارەکانی زانست ومەعریفەدا بەخۆوە بینی،بواری ڕۆژنامەنووسیش شان بەشانی هونەرەکانی ترپێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی وبەحوکمی سروشتی پشتبەستووی بەسەند کرتنی ڕووداو وگۆڕانکاریەکان،لەگەشەی ڕۆژنامەنووسیش ڕووداوەکان چۆن ڕوویانداوتۆمارکران,واتە بەپێی داوایەکی زەمەنی ڕووداوەکان قاڵبی بەدوادەیەکی زەمەنی دەکرا.

دوای ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕوون بووە کە ئەم قاڵبە زۆرشیاو نییە،بۆ دارشتنی هەواڵەکان،ئیدی بە دوای قاڵبی جۆراو جۆر وبەچێژی ترگەڕان.

**1/قاڵبی بە دوادایەکی زەمەنی**

ئەم قاڵبە بە کۆنترین شێوازی ڕۆژنانووسی دادەنرێ کە ڕۆژنامەکان بەکاریان هێناوە,بۆ تەغتیەکردنی ڕووداوەکان بەو شێوەی کە ڕوویداوە.



ڕۆژنامەی هەواڵی ئەم قاڵبەی لە گۆڤارەکانەوە خواستوە،وتارەکانی ناوی شێوەیەکی گێڕانەوەیان هەیە naratlve کە هەواڵنووسی کارامە ودەتوانی چیرۆکێکی هەواڵی لێ بسازێنێ.

ئەم هەواڵە لەچوار چێوەی ئەم قاڵبە دادەڕێژێ بەم شێوەیە وەریدەگرێت.

1/سەرەتایەکی کورت.

2/گواستنەوەییەکی شیاو وگێرانەوە ڕێك وپێك کردن.

3/زانیاری زیادە.

ئەمەش شێوەی هێڵکاری قاڵبی بەدوادایەکی زەمەنییە،سەرەتا،ڕووداو،زانیاری ڕووداو لەبەدوادایەکی زەمەنی زانیاری زیادە(کۆتایی).

**2/قاڵبی هەرەمی هەڵگەراوە:**

بڵاوترین قاڵب بۆ داڕشتنی هەواڵ بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی ئاژانسەکانی دەنگ وباس پەخش دەکەن،لەم قاڵبەدا گرنگترین ڕەگەزی هەواڵکە دەخەیتە سەرەتاوە وبەپێی گرنگترینیان ڕیزبەند دەکرین،واتە ئەو ڕەگەزە هەواڵیەی کە کەمترین بایەخی هەیە دەخرێتە کۆتایی هەواڵەکەوە،پسپۆرانی هونەری هەواڵ سازی

لەو باوەڕەدان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی ئەم قاڵبە هەیەتی وگرنگترین ڕەگەزلەسەرەتادا ئیبراز دەکات،بۆیە لەئایندەش دا گرنگی خۆی دەبێت.

-لایەنگری بەکارهێنانی ئەم قاڵبە لەو باوەڕەدان ئەم قاڵبە چەند سیفەت وتایبەتمەندییەکی هەیە وای لێ دەکات بەردەوام بێت.

1/بۆ پەیامنێر وهەواڵنووس،ئەم قاڵبە بەکار دێنن وادەکات ڕووداوەکان بەخێرایی لەناویەکدا ڕێك بخرێت.

2/نووسەر دەتوانێ موفرەداتە سەرەکیەکانی هەواڵ هەڵبژێرێ تا ببێتە ناوەڕۆکی ناونیشان.

3/ڕۆژنامە وگۆڤارەکان دەتوانن هەواڵ بگونجێنن لەگەڵ ئەو ڕووبەرەی بۆی دانراوە.

4/خوێنەر لەچەند چرکەیەکدا دەتوانێ گرنگی هەواڵ دەست نیشان بکات.

5/ زۆرێك لەنووسەران پێیان وایە ئەم قاڵبە بۆ هەموو هەواڵێك دەشێت،چونکە خوێنەر دەتوانێ زانیارەیە سەرەکیەکانی دەست بکەوێت،هەروەها نوسەران دەتوانن هەواڵ کوورت بکەنەوە لەخوارەوە بۆ سەرەوە.



### 3/ قاڵبی ڕازاندنەوە:

ئەگەر ئامانجی نووسەر تێرکردنی خوێنەر وپەلکێشکردنی بایەخدارییەکانی بێت،پەنا وەبەر پاراستنی ڕەگەزێکی گرنگ دەبات کەلەکۆتایی باسەکەدا (هەواڵە)دەریدەبرێت.

ئەم قاڵبە پێچەوانەی قاڵبی هەڵگەڕاوەیە، ویلیام رایفرز بڵاوبونەوەی ئەم قاڵبە دەگەڕێتەوە بۆ:

*زۆر بەچێژ.

*بۆ تێگەیشتن ئاسانە.

*ڕەگەزەکانی بەشێوەیەکی سروشتی دەدۆزێتەوە.

*کورت ناکرێتەوە.

جۆرد هاو دەڵێ: لەقاڵبی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا کێشەیەك ڕووبەروی هەواڵنووسان دەبێتەوە ئەویش،چۆن نووسەر دەست بگرێت بەبایەخدارییەکانی خوێنەرەوە،ئەم قاڵبە لەڕێگای جیهانی گۆڤار وشێوازە تایبەتەکەیەوە هاتە ناو ڕۆژنامەوە,زۆر لەنووسەر وسەرەك بەشەکان پاڵپشتی ئەم ڕاستەیە دەکەن وچەند هەواڵێکی سەرکەوتویان لێ بەدەستهێناوە.

4- **قاڵبی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ کە باسەکە لەسەرەتای مەنتیقی خۆیەوە بۆ کۆتایی مەنتقی دەگێرێتەوە، بەدەگمەن نەبێت لەڕۆژنامە دا بەکاردێت.**

5/**قاڵبی کۆکردنەوە**

**واتە کۆکردنەوەی چەند ڕووداو وباسێك لە دوو تویێی هەواڵێکدا یان باسێکدا،ئیدی بەجیا جیا بێت یان لەناویەکدا.**

**-هێلکاری هەواڵێك کە بەقاڵبی کۆکردنەوە دارێژراوە،ئەم هەواڵە بەفراوانەوە وپێکهاتووە،لەچەند بەرەگرافێك،کورتەی ڕووداوەکان سستی ڕووداوەکان، ڕووداوی یەکەم,روداوی دووەم،ڕووداوی سێ هەم،ڕووداوی چوارەم،ڕووداوی پێنجەم.**

6/**قاڵبی گۆزە:**

**لەم شێوەیەدا سەرەتا گرنگی وکرۆکی باسەکەیە پاشان درێژەکان بەشێوەی چیرۆك ئامێزی تەقلید لەسەرەتاوە تا کۆتایی دێت.**

7/**قاڵبی هێلکەی قاز:**

**لەرۆژنامە پێشەنگەکاندا قاڵبی هێلکەی قاز بەکار دێت،ئەم قاڵبە قاڵبێکی کلاسێکی چیرۆك ئامێز دەردەخات،پاشان پەردە لەسەر ڕووداوەکان هەڵدەماڵێت،سەرەتاکەی ڕوون دەکاتەوە بەپێی ئەو ناوەڕۆکە لەکۆتایی دا دەبێتەوە.**



8/ **قاڵبی ئەڵماسی**

**ڕۆژنامەی (هۆڵ ستریت جۆرناڵ)دەڵێت وازی لە قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە هێناوە گەشەی بە قاڵبی ئەڵماسی داوە[51].**

**ئەم قاڵبە سەرەتایەکی گێڕانەوەی هەیە،پەرەگرافی بنەرەتی وگرنگی ئەم قاڵبە وەك قاڵبی هەرەمی هەڵگەراوەی تەقلیدی دەگێرێتەوە،گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکان دەکات بەپێی پەیوەندی وباکگراوەندی باسەکە وبەپێی گرنگیان.**

9/**قاڵبی ڕووداوە پێشبینی کراوەکان:**

**چۆرج هاو لەبارەی ئەم قاڵبە دەڵێ: ئەم قاڵبە لەهەرەمی هەڵگەراوەی پێشکەوتووترە سەرەتایەکی کورتی هەیە ,پاشان درێژ، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو تەرتیبکراوە ئەم جۆرە جەخت دەکاتە سەر ڕەگەزەکانی شوێن وکات زیاتر لەوەی جەخت بکاتە سەر ئەو باسانەی چارەسەری ڕووداوێکی پێشتر دەکەن[52].**

---

[51] **د.** عبد الستار جواد، فن كتابه الاخبار, عمان ،دار مجدلاوی للنشر.ص139.

[52] هەمان سەرچوەی پێشوو ل 171.

## چەمکی ڕای گشتی:

ڕای گشتی گرنگیەکی زۆری هەیە لەنێو کۆمەڵدا, وناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی گرنگی زۆری پێ دەدەن،بۆ فەراهەم کردنی خواستەکانی زۆرینەی جەماوەر بەخوڵقاندنی ڕای گشتی لەنێو خودی جەماوەردا، سەرەرای گرنگی ئەم چەمکە کەچی تا ئێستا پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە لەسەریەك پێناسەی هاوبەش کۆك نەبوونە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاشخانی کەلتوری وفکری ئەوانەی گرنگی بەبواری ڕای گشتی ئەدەن وە جیاوازی ڕۆڵی گەلان ڕادەی هاوبەشی کردنیانە لەسیاسەت وجیاوازی باوەڕ وئایین وئایدۆلۆژیایە کە کار دەکەنە سەر نەبوونی پێناسەیەکی هاوبەش لەم بارەیەوە دکتور سعید سراج پێیوایە زۆربەی پێناسەکانی ڕای گشتی ئەوە دەسەڵمێنێ کە وا ڕای گشتی نیشانەیەکە بۆ بوونی کۆمەڵگازۆربەی لێکۆڵینەوە سیاسی وکۆمەڵایەتی یەکان ومیدیاکان ئەوەیان دەرخستوە کەوا ناکرێت بەچاوێکی یەکسان ویەکگرتوو سەیری



کۆمەڵگا بکرێت بەڵکو لەبەر جیاوازی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژی وکەلتوریانەوە...هتد. پێکهاتەکەشیان جیاوازە وبەم جۆرە ڕای گشتی جیاوازە،بەڵام پسپۆرانی بوارەکە توانیان جیاوازی لەنێوان (زۆرینە)کپ وکڕ(کەمینە)ی چالاك وبزۆز دا دابنێن کە دەتوانن تەعبیر لەڕای خۆیان بکەن [53]،هەروەها عبد المنعم سامی:وای بۆ دەچێ کە ڕای گشتی زاراوەیەکە گوزارشت لەبیر وڕای کۆمەڵەکەسانێك سەبارەت بەکێشەیەك یان مەسەلەیەکی دیاری کراو دەکات.ئەگەر لایەنگری بن یان ڕووبەڕووبنەوە ودژایەتی بکەن،نواندنی هەڵویستی باش،خراپ لەساتێکی دیاری کراوی مێژوودا کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بێت [54].

ماکنیون پێ وایە: ڕای گشتی ئەو هەست وسۆزەیە بەرامبەربابەتێکی دیاریکراو، زۆرترین کەسانێك پێشوازی لێ دەکەن،کە زیرەکتر وبە ئاگاترین وزیاتر پابەندی ئەخلاقین،ئەم هەست وسۆزە وردە وردە بڵاودەبێتەوە تا نزیکەی تەواو خەڵکی هەستیان هەبێ وپێکەوە لە وڵاتێکی شارستان وپێشکەوتوودا دەژین:

[53] عبد المنعم سامی،الرای العام والاشاعه، المغرب 2001 ص20.

54هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص22.

چەند پێناسەیەكی ڕای گشتی پسپۆران وشارەزایان ئەو بوارە:

–لیونارد دووب: ڕای گشتی واتە بۆ چوون وئاراستەی فیكری وهەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بەبابەتێكی دیاری كراو، بەو مەرجەی ئەو خەڵكە ئەندام بن لەو كۆمەڵە دیاری كراوە.

–هاروك جیلدز: ڕای گشتی بریتیە لەو كۆمەڵە رایەی كە كۆمەڵێك هەیانە, بێ ئەوەی پێشتر لەسەری ڕێكەوتبن.

–ch cooley : ڕای گشتی پرۆسەیەكی عوزوییە،نەك بەتەنها ڕێكەوتنێك سەبارەت بەمەسەلەیەكی ڕۆژانە.

– فیلاندی فەیلەسوف: ڕای گشتی ڕای هەموو گەڵ نی یە بەڵكو ڕای توێژێكی چالاكی سەركەتووە بەسەر هەموو توێژەكانی تری گەلدا [55].

جۆن ستیوارت دەڵێ: ئەگەر هەموو جیهان لەسەر ڕایەكی دیاری كراو ڕێكەوتن وتاقە كەسێك ڕازی نەبوو ئەوا جیهان ئەو مافەی نی یە سەركەوتووی ئەو ڕایە بكات وبێدەنگی بكات [56].

---

55 محازەرەكانی ڕای گشتی، م.عەبد عارف، بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆی سلێمانی (2003–2004).

56د.رفق سكری، مدخل فی الرای العام والاعلام والدعایە،جوس بریس ,لبنان,1984, ص12.



هاوك چیلدز دەڵێ: ڕای گشتی هەر كۆمەڵە بیرو ڕایەك بێت چەند كەسانێك بروایان پێی هەیە، بەچاوپۆشی بەڕادەی ڕێككەوتنیان وپێكەوە گونجاندنی پێشوازیان، كە مەرجە لێ بكۆڵێتەوە،بەڵكو ئەو مەسەلەیە نی یە مەرج بێ پێویستی بەڕێگایەكی سەركوتكەرانەهەبێ وەك مەرجێكی دروست بوونی ڕای گشتی [57].ماكنیون دەڵێ: ڕای گشتی ئەو هەست وسۆزەیە بەرامبەر بابەتێكی دیاری كراو زۆرترین كەسانێك پێشوازی لێ دەكەن كە زیرەكتروبەئاگاترن وزیاتر پابەندی ئەخلاقین، ئەم هەست وسۆزە وردە وردە بڵاودەبێتەوە تا نزیكەی تەواوی خەڵك بڕوای پێ دەكەن وكۆمەڵێكی شارەزای لێ پێك دەهێنن هەستیان هەبێ وپێكەوە لەوڵاتێكی شارستان وپێشكەوتوودا دەژین [58].

دكتور ئیبراهیم امام: پێ وایە رای گشتی بیروباوەری باوەلەناو جەماوەردا بەرژەوەندی هاوبەش لەهەڵوێستێكدا یاجۆرە هەڵس وكەوتێك یا مەسەلەیەكی گشتی بەیەكیانەوە گرێ ئەدات وكار

---

57د.هانی رچا،د.رامز محمد عمار، الرای العام والاعلام والدعایە،لبنان بیروت، المؤسسە الجامعات للدراسات والنشر، ص9 1998.

58د. محمد عبد القادر ,الرای العام وتاپیر والاعلام الدعایە,لبنان 1973,ص27.

ئەکاتە سەربایەخ پێدانیان یان پەیوەستە بە بەرژەوەندی هاوبەشەیانەوە[59] .

له جیاوازی ئەم بۆچون وپێناسانەدا چەندین خاڵی هاوبەشیان له خۆگرتووە،کە ئەمانەن

بیروراو تێروانینی زۆرینه.

کێشەیەکی گشتی بەلای زۆرینەی کۆمەڵگاوە مایەی بایەخ پێدانه.

مادەیەکی دیاری کراو.

کێشەیەك خراوەتە بەرباس ولێکۆڵینەوە.

بەدەست هێنانی بەرژەوەندی گشتی.

ڕای گشتی کاتێك سەرهەڵدەدات تاکە کەسەکانی بەچەندین هۆکار وەك پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ یان گفتوگۆ یان گوتارخوێندنەوە یان لەڕێ چاپکراو،ڕۆژنامە،ئێزگە،تەلەفزیۆن، پێکەوە بن هەروەها ڕای گشتی لەئەنجامی وتووێژ وگفتوگۆ ولێکۆڵینەوە وهەڵسەنگاندنی بیروڕای بەرهەڵستکارانەوە دەخەملێ ودوا جار لەسەر تاقە ڕاوبۆچونێك ڕێك دەکەون.

---

59 الدکتور ابراهیم امام، الاعلام والاتصال بالجماهیر, مصر 1969 ص205.



ڕای گشتی تاماوەیەکی درێژ خایەن چالاك دەمێنێتەوە بەتایبەتی لەو کاتەی کە خەڵك هەست بکات بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیەبەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە،لێرە بە باشی هەست بە ڕووداوەکان دەکەین پاڵپشت ولایەنگری ئەم ڕایە دەکەن،ڕای گشتی دروست دەبێت، تا خەڵکی هۆشیار بن ودرك بەپێشهات وڕووداوەکان نەکرێ بۆچونی ڕای گشتی لەنێو جەماوەردا دروست نابێ.

ئاڕاستەی ڕای گشتی لەکۆمەڵگەی سونییەکاندا کارێکی ئاسانە چونکە یەك باوەڕی سیاسی وئاینیان هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دا بەرژەوەندیەکان فرە جەشنن وحزب وڕێکخراوی هەمە جۆریان تێدایە، زانینی ڕای گشتی کارێکی گرانە،بۆیە پرۆسەی زانینی ڕای گشتی کارێکی گرنگە وبەهۆیەوە ڕای گەل دەزانرێت تاکو بریاری چارەنووس ساز ویاسایی گونجاو بۆ دادەنرێت.

لەسەرەتای سەدەی بیست هەموو ئەو چالاکیانەی کە گرنگی بەڕای گشتی دەدەن زیادیان کردووە،جا لەلایەن زانایانی دەرونیەوە بێت یان لەلایەن سیاسی ومیدیایی ویاساییەکانەوە بێت.زۆر بۆچونی زانستی وفیکری خرانە ڕوو بۆ دانانی بنەمایەکی سیاسی وتەکنیکی تاکو باشترین ڕێگا بۆ

هەڵسەنگاندنی وردی ڕای گشتی دابنرێت بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە بۆچوون وڕای خەڵك سەبارەت بە کێشە جیاجیاکانی (سیاسی،ئابووری،کۆمەڵایەتی...هتد).

## پێوانەی ڕای گشتی لە کۆمەڵگادا:

پێوانەکردنی ڕای گشتی لەنێو جەماوەردا،بۆ هەموو سسیتمە سیاسیەکان جێگای بایەخ وگرنگی زۆری پێ دەدرێ,چونکە لەم ڕێگەیەوە سیاسیەکان ئاگاداری دید وبۆچوونی هاوڵاتیان دەبن بەرامبەر بەکێشە گرنگەکان زانینی ئاڕاستەی سیاسی لەشارێك یان لە وولاتێك.

*لەسەدەی بیستەوە گرنگی زۆر بەڕای گشتی دراوە لەلایەن دەزگا وناوەندە ڕۆشنبیری وسیاسیەکان ولەلایەن بیرمەندانی بوارە جیاجیاکان بۆ ئەوەی ڕای گەل بزانن وچارەسەری کێشە وگرفتەکانیان بکەن.

*گونجاندنی ڕێبازەکانی پێوانەی ڕای گشتی وردبینکردنی تێدا،لەروی ڕادەی گونجاندنی ڕێبازی پێوانەی ڕای گشتی وڕاستی ودروستیانەوە هەندێ لەلێکۆڵەرەوەکان گومانیان لە وردبینی وئەو ڕێبازانە هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی بەتایبەت ڕێبازی ئاماری کە شێوازێکی زانستی توند وتۆڵە بۆ پێوانە کردنی ڕای گشتی لەڕێگەی ژمارەوەپێیان وایە ئەو



دامەزراوە بازرگانیانەی کە هەڵدەستن بەپێوانە کردنی ڕای گشتی, دژی دیموکراسیەتن وکاربۆ شێواندنی ئیرادەی جەماوەر دەکرێت لەبەرژەوەندی سەرمایەدارەکانەوە ئەمانە پیان وایە هیچ ڕێگەیەك بۆ پێوانە کردنی ڕای گشتی نی یە.

* کاریگەری ژینگەی سیاسی،کۆمەڵایەتی، پێوانەی ڕای گشتی بەو ژینگەی سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە گرێدراوە کە پرۆسەکەی تێدا دروست دەبێت،هەروەها ڕادەی هۆشیاری وئاستی بژێوی و بڵاوبونەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان بۆ سەر ئەو مەسەلەیە هەیە،بەهۆی چەندایەتی ژینگەی سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە ژمارەی لەمپەرەکانی بەردەم پێوانەی ڕای گشتی زیادیانکردوە.

## جۆرەکانی ژینگە:

*ژینگەی دیموکراسی.

*ژینگەی نادیموکراسی.

**ژینگەی دیموکراسی:**

تێدا ئازادی ڕادەربڕین ئازادە وڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە، هەلی ئەوەیان بۆ دەرخستنی بەئازادی ڕای خۆیان سەبارەت بەو کێشانەی کە دەخرێنە ڕوو ولەم ژینگەیەدا خەڵك لەڕێگە جیاجیاکانەوە دەتوانن وتووێژ وبیروڕایان بخەنە ڕوو هەروەها لەبیروڕای کەسانی تریش بەئاگا بن وهەڵویستی ڕاستەقینەی خۆیان وەربگرن.

**ژینگەی نادیموکراسی:**

لێرەدا هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی گرنگی پێ نادرێت بەتایبەت شێوازی ئاشکرا کە داوا دەکرێت وەڵامی ئاشکرا بدرێتەوە لێرەدا ڕاگەیاندنی ئازاد وڕاستگۆنییە،تاکو هاوڵاتیان لەڕێگەیەوە ڕاستیەکان بزانن وقەناعەتیان لەلادروست بێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی گونجا و وەرگرن بەلام بەو مانایەنییە کەلەم ژینگەیەدا ناتوانرێت ڕای گشتی بزانرێت.

**ژینگەی ڕای گشتی لەو وڵاتە تازە پێگەیشتۆکان..**

ژینگەی وولاتە تازە پێگەیشتۆکان پێچەوانەی وڵاتە نوێیەکانەوەواقعی کۆمەڵایەتیان جیایە لەو وولاتانەی کە



دیموکراسیان تێدا بەرپاکراوە،پەیوەندی هاوڵاتیان ودەسەڵاتداران بەجۆرێکە هاوڵاتی ڕازی نی یە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووریەکانی وڵاتەکەی ڕای گشتی لەم ژینگەیەدا هێشتا پێنەگەیشتووە،زۆربەئاسانی دەتوانرێت لە هەڵوێستێکەوە بگۆردرێت بۆ پێچەوانەکەی ئەمیش بەهۆی هەژاریی ونەخوێندەواری بالادەستی هەست وسۆز وپەیرەونەکردنی ڕێبازی زانستیەوە ڕوو دەدات،نەبوونی دیموکراسیەت ودیالۆگ وکەناڵی ڕادەربڕین ،پێنەدانی زانیاری وایانکردووە ڕای گشتی بەشێوەیەکی ڕاستە قینە نەبێت،نەهێڵێ هەڵوێستی زاڵبێت [60].

پێوانەی ڕای گشتی بایەخی زۆری هەیە،چونکە لەم ڕێگایەوە ئاسانە ئاڕاستەکانی ڕای گشتی ئەو کۆمەڵگایەبناسرێتەوە کە سادەن ویەك بیروباوەری تێدا زاڵە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگای هاوچەرخ وپێشکەوتوو کە تێدا بەرژەوەندی گشتی تێدا ناناسرێتەوە، هەر ئەوەشە وای کردووە پێویستی کردووە بەدوای ڕێگایەکدا بگەرێن و بەوهۆیەوە ئاڕاستەکانی ڕای گشتی

[60] محازەرەکانی م.عەبد عارف قۆناغی سێهەم بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سلێمانی 2004-2005.

تێدا بناسرێتەوە، ئەمەش لەڕێگای ناوەند وپەیمانگای تایبەت وەك پەیمانگای گالوب لەو وولاتە یەگكرتوەكانی ئەمریكا كەلەساڵی1936دا دامەزراوە، هەروەها نوسینگەی ڕای گشتی زانكۆی پرنستون كە لەساڵی 1940دا دامەزراوە، لەسەدەكانی ڕابردوودا لەڕیی لایەنگر وهەوادارو جاسوسەوە،توانراوە ڕای گشتی تیایدا بناسرێتەوە پێوانەكردنی ڕای گشتی بریتی یە لە ناسینەوە یان ڕاپەرینەوەی كارێك مەبەستەكەی هەر ناسینەوە ئاڕاستەكانی ڕای گشتی یە سەبارەت بە كێشەیەكی گشتی یان چەند كێشەیەكی جیاجیا كە بووە هۆی مشت ومڕ وتوویژ ومایەی بایەخ پێدانی هاولاتیان لەڕۆژگاری ئەمرۆدا پسپۆران وتایبەتمەندانی پێوانی ڕای گشتی سێ شێوازیان دیاری كردووە:

*شێوازی ڕاپرسینەوە.

*شێوازی ڕوپێوی.

*شێوازی شی كردنەوەی ناوەڕۆك [61].

---

61 محازەرەكانی رای گشتی , بەشی رۆژنامەنووسی ,پەیمانگای تەككنیكی سلێمانی.



## چۆنیەتی دروست بوونی ڕای گشتی

**ورووژاندنی گیروگرفت یان مەسەلەیەك:**

بۆ ئەوەی ڕای گشتی دروست ببێ مەرجە گیروگرفت یا مەسەلەیەك یا بابەتێك لە گۆڕێدا بێت تاساتێكی مێژووی دیاریكراودا تارای لەبارەوە دەربڕبێ ،مەرجە ئەم مەسەلەیە بەلای تەواوی خەڵكەوە جێگای بایەخ پێدان بێت،هەر لەبەرئەم هۆیە مەرجە سەرەتا گیروگرفتەكە خوڵقێنراو بێت ،پاشان دەركی پێ بكرێ وبناسرێتەوە وبگەیەنرێتە ژمارەیەكی زۆری خەڵكی ولەو كاتەدا هۆكارەكانی ڕاگەیاندن،بەهەموو جۆرەكانیەوە(بینراو،بیستراو،خوێنراو،دەكەونە كار تابیێتە بزوتنەوەیەكی سەرەكی ورووژاندنی بابەتەكە.

1. ئاڕاستەی ڕای گشتی: پاش ورووژاندنی مەسەلەكە وگەیاندنی خەڵكی بەجیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری وكۆمەڵایەتی ,وەك دەربڕینی هەڵویستی بەرامبەر بەمەسەلەكە كاردانەوەی دەبێت،ئەمەش بەپێی بایەخی گیروگرفتەكەوئاڵۆزیەكە كاتێكی درێژخایەنی دەوێ جۆری بیرو بۆچونەكانی تێدا بەرامبەر دەوەستنەوە تا بگاتە ڕایەكی یەگكرتوو گشتی.

مەسەلەی ورووژێنراو: لەم قۆناغەدا ئەم پرسیارانە دەكرێ.

1- بایەخ وترسی مەسەلەکە بۆ کۆمەڵ چی یە.

2- لەچ ساتێکدا مەسەلەکە دەخرێتە گۆریێ.

3- چۆن مەیەلەکە دەخرێتە گۆریێ.

4- کام لایەن مەسەلەکە دەهێنێتە گۆریێ.

أ. دەرکەوتنی پێشنیازەکان:

وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی پێشوو وڕاگەیاندنی تەواو لایەنەکانی مەسەلەکە بۆ گەیشتنە پێشنیارێکی دیاری کراو کفتوگۆ وتووێژی لەبارەوە دەکرێ وەلێرەوە دەوری نێوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری تاك و کۆمەڵ،چونکە هەر پێشنیارێك شیوێنەواری جیێ دەستی دەستەیەکی پێوەدیارەکە گفتوگۆی لەسەر کردووە،بیێ گومان لەڕیێ دیکە جیاوازن کە دەستەیەکی دیکە وتووێژی لەبارەوە کردووە،دیموکراسی لەم قۆناغەدا دەورێکی گرنگی هەیە لە (دیالۆگ)ی نیو هەموو گرۆپ ودەستەکان بەجۆریێ بیروبۆچونەکان بۆ دەست نیشان کردنی هەڵوێستی ڕاست ودروست پەلەیانە تاڕای زۆرینە لەناو هەموو دەستەیەکی کۆمەڵدا پێتە دی.

ج. خەملاندنی ڕا: پاش دەست نیشان کردنی ڕای هەموو دەستەیەك کە کۆمەڵ پێکدێنن،ڕای تێدا دەخەملێنریێ ودیموکراسی وگیانی لیبوردەیی وڕای بوون بەڕای بەرامبەر



دەورێکی گرنگ لەم پرۆسەیە دەبینێی، دروشمی سەرەکیش بەرژەوەندی کۆمەڵە وسەرووی بەرژەوەندی تاکە کەسەوەیە.

3.ڕێکەوتن:

ووتوێژ وگفتوگۆ سەبارەت بە هەر بابەتێك لەڕای تاکەکەسەوە سەرچاوە دەگریێ ودەبێتە هۆی ڕێکەوتنێکی یەکدەنگی نێوان ڕاکان کە لەقۆناغەکانی پێشوو هاتونەتە گۆڕیێ لەم قۆناغەشدا بەرژەوەندی گشتی تیایدا دەخرێتەسەروی بەرژەوەندی تاکە کەسەوە,رازی بوون بەڕای بەرچاوی لەنێوان هەموو ڕاکان ڕێی کفتوگۆیەکی بنیانانەوە وئارەزوو بوون کۆمەڵە بۆ کردنە سەررێژەی روداوەکان.

4- هەڵس وکەوتی کۆمەڵ:

دوای ئەوەی کە کۆمەڵ هاوهەڵوێست بوون لەسەر کێشەیەك ڕای گشتی کە دەربڕی بەرژەوەندی گشتی یە لەقۆناغێکی دیکە دەگاتەکە قۆناغی دەبرینی(ڕا)یەوە چۆنیەتی بەرگری لیێ کردنیەتی لایەنگری بێت یان هەڵوێست وەرگرتن بیێ کە کۆمەڵ پشتگیری لیێ دەکەن. (ڕا)دەربرین لەکۆمەڵێك بۆیەکی ترو کێشەیەك بۆ کێشەیەکی تر جیاوازی هەیە. وەك خۆپیشاندان ومانگرتنی گشتی،یاخی بوونی مەدەنی وبایکۆت کردنی، کاری پێکهاتنی ڕای گشتی لەسەر پرنسیپی دیموکراسی پایەی داناوە،لەهێنانە

گۆڕێ،مشتومڕ کردن لەبارەیەوە هەر کەسێك لەبیروبۆچوون وترس ودڵەراوکێ خۆی بەدوور بگرێ..

## هۆکارەکانی دروست بوونی ڕای گشتی:

هەندێ هۆکار هەن کە ڕاستەوخۆی کار دەکەنە سەردروست بوونی ڕای گشتی وکارتێکردن، گۆڕانکاری تێدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە پێویستی بەکات وماندوو بوونێکی زۆر هەیە،تاڕای گشتی دەخەملێ، هۆکارەکان بریتین لە:

جەماوەر: لەهەموو کۆمەڵێك لەچەندین چین وتوێژێك پێك هاتووە کە لەکۆمەڵگایەك جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکێکی تر لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیری وکلتوریەوە.

کلتور: ڕۆڵێکی کارێگەر وباڵای هەیە لەدەرخستنی هەڵوێستوبۆچوون ورەفتاری هاوڵاتیان،شتە جێماوەکان،ژینگە کاریگەری هەیە لەسەر بۆچوونی تاك بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە بیروباوەڕی ئاینیوبەها ڕەوشتیەکان،ژینگەی خێزان کە ئەو ویستگەیە کە لەوێ قۆناغەکانی ژیان دەست پێ دەکاوسەربە یەکەیەکەی پێکهاتەی کۆمەڵگایە دەبێ وکار دەکاتە سەر باری دەروونی وکەسایەتی ورسکانی چوارچێوەی هزری کەسەکە لەسەرەتای پێکهاتنیدا کە دید وبۆچون وباوەڕەکانی بونیاد دەنێ.



پێکهاتەی سیاسی وکۆمەڵایەتی: پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە ئامانجی ئەوەیە کلتوری نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تربگوازێتەوە ،خێزان وەککاریگەرترین قوتابخانە کە ئەم ڕۆڵە دەبینێ لەسەر ڕۆشنبیری و پەروەردە.

ڕووداوەکان: لەئاست ڕووداوەکاندا پێویستە هەڵوێست هەبێ،ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەیدابوونی ڕای گشتی، وهەندێ جار بەرامبەر بە ڕووداوەکان جێگرە وهەندێ جار کاتیە.

2. بیروبۆچوونی هاوڵاتیان: بیروباوەڕە باوەکانی نێو کۆمەڵ کەلە چوارچێوەی ڕۆشنبیری گشتی پێکدەهێنێ لەدیاری کردن وپێکهاتنی ڕای گشتی دا ڕۆڵی خۆیان دەبینن.
3. مەعریفە: ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ زانیاری وەردەگرێ تاچەند مرۆڤ زانیارییەکانی قوڵ وفراوان بێت ورترو ڕوونتر وئاشکراتردەبێ، مرۆڤ لەناوەندە ڕۆشنبیری, جموجۆڵی خۆی مەعریفە وەردەگرێ [62].
4. سەرکردەکان: خاوەن دەسەڵاتە سیاسیەکان ڕۆڵی باڵایان هەیە لەخولقاندنی ڕای گشتی،ئەگەر توانای سەرکردەکان

62 گۆڤاری ڕۆژنامەنووسی، ژمارە(2) ڕۆڵی ڕۆژنامە لەدروست کردنی ڕای گشتی، مەحەمەد عەبدوڵلا،ل51.

باش بوو دەتوانرێ بەم ڕێگایە کاریگەری لەسەر جەماوەریش بکرێ، بەتایبەتی لەو کۆبونەوانەی گفتوگۆ وڕا گۆڕینەوە دەبسترێ،بەو بەڵگانەی کە هەیانە،دەتوانن سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێ.

5. دەزگای فێرکردن: ناوەندەکانی فێرکردن زانیاری دەدەنە مرۆڤ وبەشدار دەبن لەدروست کردنی ڕای گشتی،هاوڵاتی کە دەچنە نێو ئەم دەزگایە لەژێر پرۆسەیەك دایدەنێ کەوا زانیاری وەردەگرێ وکاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتارەکانی هاوڵاتی بوون وڕۆشنبیر کردنی تاك وپێکهێنانی راو بۆچوون هەروەهاشێوازی ژیانی داهاتوو.

6. هەستی نیشتمانی ونەتەوەیی: واتە هاوڵاتی تاچ ئاستێك هەست بەئینتمای نیشتمانی دەکا، ئەم هەستە زۆر گرنگە چونکەوای لێ دەکات ڕای گشتی بەهێزپەیدا ببێ.

7. ئایین: ئەم ڕەگەزە کاریگەریەکی زۆر دەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ وپێکهاتە دید وبۆچوون وشێوازی مامەڵە وهەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکی دیکدا،ئەمەش بەهۆی کاریگەری ڕوحی وئەو ڕێنماییە ئایینی وکۆمەڵایەتیەی کە ئەم لایەنە هەیەتی، کاردانەوەی ئەوانەش هەموویان دەرژێنە نێو ڕای گشتیەوە.



8. پروپاگەندە وڕاگەیاندن: ئەم دوو ڕەگەزە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لەکارتێکردن لەسەر ڕای گشتی وئەو ڕای گشتیە کەبەهۆی کارتێکردنی راگەیاندن دروست دەبێ،زۆر جێگیر وسەقامگیر ترە بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمرۆ کە پێشکەوتنی زۆر گەورە لەهەموو ڕویەکەوە بەدیهاتووە [63].

## جۆرەکانی ڕای گشتی:

ڕای گشتی لەلایەن پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە بەسێ جۆر پۆلێن کراوە کە ئەمانەن:

لەڕووی چوارچێوەی بڵاوبونەوەوە: ئەم پۆلێن کردنە پشت بە ڕادەی بڵاوبونەوەی ڕای گشتی دەبەستێ، لەڕووی شوێن وچین وتوێژ وپیشەوە وەك:

ا.ڕای گشتی ناوخۆیی یان نیشتمانی: ئەم جۆرە ڕای گشتیە لەبواری نیشتمانی دا بڵاوە لەناو هاوڵاتیان سەبارەت بە کێشەیەك کە پەیوەندی بە زۆری هاوڵاتیانەوە هەیە لەوانە (ڕای

63نزار جرجیس علی وحرب الكلمه،اربیل 1998 ص115-118.

گشتی حیزبی،لەناو حزبێکی دیاریکراوەدا بلاوە.،بەوە جیا دەکرێتەوە ڕێکخراو بەبیٚ بنەمای ڕێکخستنی حیزبی پێك دیٚت کەوا دەزگاکانی حیزب دایدەنیٚ، وەك ئەو ڕایی گشتیانەی لەکوردستاندا دروستدەبیٚ،ڕای گشتی سەندیکایی، مەسەلەکانی سەبارەت بە کێشە وگرفتەکانی ئەندامانی سەندیکا وسروشتی پیشەیی سەندیکای کرێکاران،ئەندازیاران هەیە، هەروەك ڕای گشتی حیزبی وایە.

ب.ڕای گشتی جۆری(نوعی) واباوە پەیوەندی بەدەستەیەك یان کۆمەڵێك خەڵکەوە هەیە، کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە،کۆمەڵێك بەهای مەعنەوی وەك ئایین ورەگەز ورۆشنبیری ڕووپۆشی کردووە، ڕای گشتی نەوعی هەرلەچوارچێوەی سنوری ناوخۆ داگیر ناخوات بەڵکولە چواچێوەیەکی جیهانی هەیە، وەك ڕای گشتی ئیسلامی ،ڕای گشتی کوردی,عەرەبی...هتد.

ج. ڕای گشتی هەرێمایەتی: ڕایەکی باوی کۆمەڵە گەلانێکە لەڕووی جوگرافیا وهاوسێیەتیدا لەماوەیەکی دیاریکراودا،سەبارەت بەکێشەیەك یان زیاتر کە کفتوگۆ وتوێژی زۆری لە بارەوە دەکریٚ وکاردەکاتە سەربەرژەوەندی هاوبەشیان و ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەها مرۆڤایەتیەکان.



د. ڕای گشتی نێو دەوڵەتی: ئەم جۆرەیان ڕای گەلانە وڕای حکومەتەکانیانە لەئەنجامی سەرهەڵدانی کێشەیەکەوە پەیوەیست بەتەواوی گەلانی جیهانەوە، کێشەکانی مافی مرۆڤ، ژینگە،ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لەژیانی مرۆڤ دەکەن، کیشەی تیرۆر چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی گەلانەوە هەیە.

ا. لەڕووی بەردەوامی کاتەوە: ڕای گشتی لەڕووی بەردەوامی ودرێژە کێشانی دابەش دەبێت بۆ:

. ڕای گشتی بەردەوام: پەیوەستە بەکێشەیەك و کاریگەری هەیە لەڕووی نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کار دەکاتە سەر ژیانی سیاسی لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا لەوانە کێشەی نەتەوەیی گەلان.

2-.ڕای گشتی کورت: ئەمەیان لە ئەنجامی ڕووداوێکی لابەلاوەپەیدا دەبیٚ وهەر بەنەمانی هۆکارەکانی ڕووداوەکە ئەمیش نامێنیٚ.لەوانەیە چەند سەعاتێك بخایەنیٚ وپاشتر نەمێنیٚ ولەوانەیە دووبارە نەبێتەوە.

3- ڕای گشتی ڕۆژانە: ڕای گشتی بیرۆکە وپەیوەستە بەچوونەپێشەوەی بیرۆکەکانی سیاسەت وئابووری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن،دەورێکی کاریگەر لەپێکهێنانیدا دەبینن.

4- ڕای گشتی ئاشکرا: ئەم ڕایە بە ئاشکرا وبێ ترس ولایەنگری وگشتی بەزیاتر لەدەوڵەتانی دیموکراسیدا دەردەکەوێ.

5- ڕای گشتی شاراوە: ئەم جۆرە ڕایە شاراوەیە چونکە لە دەووروبەرێکدایە دیموکراسی نییە وئازادی ڕادەربڕینی تێدا مەیسەر نی یە.

**-ڕاگەیاندن وکاریگەری لەسەر ڕای گشتی:**

ڕاگەیاندن پەیامێکی فیکرییە کە کۆمەڵێ ئامانجی هەیە لەڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە ئاڕاست دەکرێ کەلە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێك هاتووە،هەریەکە لەم رەگەزانەش بەپێ شوێن وکات کاریگەری خۆی هەیە.

پەیامنێر ← کەناڵی ناردنی پەیام ← پەیام وەگر. ←

ماکلوهان پسپۆر وشارەزا پێ وایە ڕاگەیاندنەکان دوو کاری سەرەکیان هەیە لە:

بڵاوکردنەوەی زانیاری وفێرکردن وکات بەسەربردن.

گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگایەك لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

بەشێوەیەکی گشتی زمان لەئاڕاستەکردنی پەیام کاریگەری زۆریی هەیە لەسەر تاکەکانی نێو کۆمەڵ,لەهەمان کاتدا داڕشتن وسیاغەکردنی هەواڵیش ،هۆکارە بۆ وروژاندنی هەستی



وەرگر،ڕاگەیاندن دەبێ ئەرکی کۆمەڵایەتی ببینن،هەر چەندە لەلای ئێمە زیاتر ئەرکی سیاسی دەبینن،بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی هەبێت دەبێت ئەرکی کۆمەڵایەتی ببینیت.

## شێوازە کاریگەرییەکانی تیۆر:

**تیۆری فیشەك** (ڕاستەوخۆ،مەوداکورت)ئەمانە بەجۆرێکە کە زۆربەی نوسەران وشارەزایانی ڕای گشتی بیروڕایان وایە کە شێوەی فیشەك ڕاستەو خۆکاریگەری هەیە ئەمە پاش نیشان دانی فلیمی جەنگی ئەستێرەکان لەسالانی سی یەکانی سەدەی ڕابردوو.

**تیۆری دوورمەودا:** بیروڕای یەکی وایە کە لەئەنجامی ماوەی دوور وکاریگەری هەیە ئەویش بەهۆی کەلە بوونی زانیارییەکاندا.

**شێوازی کۆتان:** ئەو شێوازە نەزەریەکەی لەلاواز کردنی ئەو لایەنە دەبێت، شێوازێکی نوێ یە وەك ئەوەوایە خەڵکەکە بەخاڵە وابهێنن کە خەڵك ڕابێت لەسەربینینی(صور من المعركە) کە لەکاتی جەنگی نێوان عیراق-ئیران نیشانی خەڵك دەدرا بەناشیرین شێوە خەڵکی تیا کوژرا.

تیوری دەرگەوان(حارس البوابە):ئەمەش ئەو کەسەیەکە دەبێتە ڕەمزی سانسۆر وڕێگە دەدات بەوەی کە خۆی مەبەستییەتی وڕێگە نادات بەوەی کە مەبەستی نی یە.

تێۆری کاریگەری بە دوو قۆناغ: بیروڕای وایە ڕاگەیاندن کاریگەری هەیە،بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نا بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە کاتێك لەڕاگەیاندنەکانەوە بابەتێك بڵاودەبێتەوە ڕاستەوخۆ باوەری پێبکەین، بەڵکو پاش ئەوەی کە لەلایەن کەسانی ترقبوڵ دەکرێت ئەبێ بڵاودەبێتەوە کاریگەری دروست دەکات.وەك نیشان دانی گروپە تیرۆریستەکانی عیراق.

تێۆری ئەوەلیات (گرنگ وگرنگترین) واتە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کە بەپلەی یەکەم دێت وگرنگی پێدراو واتە ئەو شتەی کە ئاماژەی پێدراوە بەگرنگ دادەنرێ.

کاریگەری بەکارهێنانی وفێرکردنی پێویستی: بەبێ ئەو تێۆرە هەموو کەسێ بەپێچەوانەی شێوازەکانی تر خەڵك دەتوانی بەبێ پێویست خۆی خۆی تێر بکات(زانیاری وەربگرییێ) [64].

[64] مامۆستا عەبد، محازەرەکانی قۆناغی سێ هەمی بەشی ڕاگەیاندن ساڵی خوێندنی 2004- 2005زانکۆی سلێمانی.



## جۆرەکانی کاریگەری:

گۆڕانکاری و هەڵوێست مرۆڤ.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی.

وروژاندنی کۆمەڵ.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

داڕشتنەوەی واقیع.

ڕەفتاری ئەمری واقیع.

## کاریگەری هەواڵ و ڕای گشتی:

لە دەوروبەری پان وبەرینی ژیانی مرۆڤایەتی دا لە وولاتە جۆراوجۆرەکانی دونیادا،لە شوێنە دوورونزیکەکانی مرۆڤدا،هەرساتە وچەندین ڕووداوی جۆراوجۆر ڕوو دەدەن،هەموو ڕۆژێ بە هەزاران مرۆڤ دێنە دونیا وبە هەزاران ئیمزای شووکردن وژنهێنان دەکرێ،هەزاران پاداشت دابەش دەکرێن سەدان کەس دەبنە قوربانی ڕووداوی سروشتی ونا سروشتیەکان چەندین لانەی مرۆڤ وێران دەکرێ ودروست دەکرێ،هەموو ڕۆژێ دەیان پەرلەمان وهەزاران شوراو ئەنجومەنی

ئیداری وشارەوانی دادەنیشن باس لەدەستور وبنەمای کۆمەڵایەتی دادڕێژن، چەندین کارگە دەکەنەوە ودایدەخەن.

لەنێو ئەم هەموو رووداوانەدا تەنها کەمێکی بۆ بڕە خەڵکێکی کەم وەك خانەوادە ودۆستان ودراوسێکان کە ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان ئاگادارن،ئەم ڕووداوانە ڕای گشتی ناجوڵێنن وبڵاوکردنەوەشی گەلێك پێویست نییە، هەربۆیەلە مەودایەکی فراوانی جوگرافی دا لەزەین وهۆشی خەڵکیدا نامێننەوە، بەپێچەوانەوە هەندێ ڕووداوی تر دەبنە هۆی گۆڕینی ژیانی ناوچەیەك ،وولاتێك و هەتا هەموو جیهانیش چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی خەڵکی زۆرەوە هەیە[65]. ئەو ڕووداوانە جەنگ، تەقینەوە،لافاو،بومەلەرزە...هتد.نمونەی ڕووداوی تەقینەوەی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکا دەتوانین بڵێن جیهان گۆڕانکاری بەسەردا هات چونکە هەموو وولاتە ئازادیخوازەکان بەرامبەر بەتیرۆریەك یەکخست،ئەم ڕووداوە لەسەر ئاستی جیهان ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو،جگە لەمەش ڕۆژانە چەندین ڕووداوی ناوچەیی ڕوو دەدەن کە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیەلەسەر

---

65 پ .د کازم معتمد نەژاد وهیمداد حوسین، لە نامیلکەی جیهانی سییەم وگەڕان بەدوای ڕۆژنامەوانی ئازاددا ل11–13,سلێمانی 2004.



دانیشتوانی ناوچەکە ودەبنە هۆی گۆڕینی ژیانی خەڵك،نمونە عیراق لەبەرچاومانە لەگەڵ ڕووخاندنی رژێمی بەعس لەعیراق ژیانی تەواوی خەڵك گۆڕا لەهەموو ڕوویەکی سیاسی وئابوری.

ئەو خەڵکانەی کە هەموو ڕۆژێ بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی خوێندنەوە وڕۆژنامە وبیستنی ڕادیۆ وبینینی تەلەفزیۆن بوون تاهەواڵی تازەیان دەست بکەوێ ژیانی خۆیان بەگوێرەی ئەوە ڕێك بخەن وبەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا زاڵ بن بۆ بەدەست هێنانی هەواڵی تازە بە ملیۆنان لە خوێنەر وگوێگر وبینەران کە بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕووداو وپێشهاتی تازەی دەورووبەرن لەهەموو ساتەکانی شەو وڕۆژ، ڕۆژنامەنووسەکانی ڕۆژنامە، ڕادیۆ ،TV لەهەموو سوچەکانی دونیا خۆیان لە بۆسە ناوەبۆ بەدەست کەوتنی هەواڵی تازە تا لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوی بکەنەوە [66].هەواڵی وروژێنەر لەنێو خەڵك بڵاودەبێتەوە، خیرا کاریگەری دەردەکەوێ بەتایبەتی هەواڵە کاریگەرییەکانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر نمونەیەك بێنینەوە کە ماوەیەکی زۆر نی یە ڕووی داوە، جارێکی تر سەر گوزشتەی کوشتنی کچە نەرویژیەکەی کە

---

66 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەدەستی هاوسەرە کوردەکەی کوژرا، لەدادگاش دانی بەتاوانەکەی خۆی دانا، کە گوایە ژنەکەی لە ولاٌتی نەرویژ خاوەنی سەروەت وسامانێکی زۆر بووە ویستیوتی کە ژنەکەی بکوژیٚ لە ڕێگای دوو ناسیاویەوە، کە گەڕایەوە بۆ نەرویژیش بلّی باری عیراق نائارام بووە کەوتنە بەردەستڕێژی تیرۆرستان ئەم هەواڵە کاریگەری زۆری هەبوو بەتایبەتی لەنێو شاری سلێمانی هەموو ئەو کەسانەی گوێبیستی ئەم هەواڵە بوون یان لەجەلسەکانی دادگادا بینیان کاردانەوەیەکی توند لەلایەن خەڵکەوە دژی تاوانباران هەبوو،لەهەمووی سەرنج ڕاکێش تر دیمەنی ئەو دوو کچە بچکۆڵەیە بوون کە لەدوای دایکیان بەجیٚ مابوون کامێرای تەلەفزیۆنەکان چەند جارێك شێوە جوانەکانی نیشانی هاولاٌتیان دەدا ،ئەمە نمونەیەکە لەڕووی کۆمەلاٌیەتی کە ڕۆژانە هەزاران هەواڵی لەو چەشنە بلاٌو دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خەڵك.ئەگەر نموونەیەکی تریش بینینەوە لەڕووی سیاسی ونەتەوەیەوە ئەمە گەورەترین کاریگەری هەبووە، هەرچەند خەڵکی بەر لەوەی مام جەلال ببێتە سەرك کۆماری عیراق لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باسی لێوە کرا،بەلاٌم لەگەلٚ ڕاگەیاندنی وهەڵبژاردنی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقەوە کە ڕاستەوخۆ لەشاشەکانی تەلەفزیۆنەکان



پەخش کرا،هەر ئەو ساتەی کە بەڕێزی وەك سەرۆك کۆمار دەست نیشان کرا بەبیٚ هیچ تەوجیهاتێکی سیاسی جەماوەری کوردستان بەهەموو ڕەنگ وبیرو بۆچون خۆشحاڵی خۆیان نیشان داو ڕژانەسەر شەقامەکان وهەر یەکە وبەجۆرێك خۆشی خۆیان دەربری،ئەم خۆشی یە تەنها هەر شارەکانی باشوری کوردستانی نەگرتەوەوە بگرە لەهەر کۆی یەك لەم دونیادا کوردی تێدا نیشتەجیٚ بوویٚ، ڕژانە سەر شەقامەکان، یان لەماڵەکانیان،شوێنی کاریان خۆشی خۆیان دەبڕی،کاریگەری ئەم هەواڵەش ئەوەندە زۆر بوو زیاتر لە هەفتەیەکی خایاند لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ڕایەکی گشتی لە نێو خەڵکی کوردستان دروست بوو , دەتوانین بلّێن لەماوەی سیٚ چوار ساڵی رابردوودا ئەمە دووم جارە,یەکەمیان لەگەلٚ روخاندنی رژێمی سەدام کە تەواوی خەڵکی کوردستان وعیراق بۆ شادی هاتنە سەرشەقام کە ماوەیەکی زۆری خایاند,ئەمە پەیوەندی گەلانی عێراقەوە هەیە,بەلاٌم هەڵبژاردنی مام جەلال هەم لەروی نەتەوایەتی وهەم لەروی سیاسیش کاریگەر وتایبەتمەندی خۆی هەیە, هەبوو لەسەر دروست کردنیڕایگشتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواری,جگە لەم دوور وداوانە ئەگەر چەند ساڵێك بۆ دواوە بگەڕێنەوە,هەواڵی کۆچە ملیۆنەکەی کوردستانی باشور بۆ سنورەکانی ئیران وعیراق

وەك نمونەيەكى تر باسى لێوە بكەين,ئەم هەواڵە بووە هۆى دروست كردنى ڕايەكى گشتى لەنێو هەندێ لەدەوڵەتانى جيهاندا، كە ديارە هۆكانى ڕاگەياندن ڕۆڵێكى كاريگەريان هەبوو لەدروست كردنى ئەم ڕايە گشتيە، وايان لەجەماوەرى هەندێ وولاتان كرد كە پاڵپشت بن بۆ دەركردنى بريارێكى كە نەتەوەيەكگرتووەكان بۆ قەدەغەكردنى دژە فڕين لەهەردوو خەتى ئاسمانى (34-36)ى نەتەوەيەكگرتووەكان دژى عيراق وپاراستنى هەردوو هەرێمى باشور وباكورى عيراق دەرى كرد.

(جون كانيز) مامۆستاى پايەبەرزى زانكۆى ڕۆژنامەڤانى كۆلومبيا دەڵێ:

پەردەيەك كە نيشتمان پەروەريى لەسەر نوسراوە، بەسەر شاشەى تەلەفزيۆنەكانى داكشاوە، كە هەموو شت جيا لەبەر جەستەترين ڕيپۆرتاژەكان مات دەكات □□.

Fox news يش وەك خۆى لەو هەستە نيشتمان پەروەرييەوە نوێيەوە گلاندبەرێوەبەران،توێژەران وپەيامنێرانى ئەم ڕايەڵە

[67] ئەنجۆ گراوير جودى، ئەركى ميدياكان لەشەڕى دژە تێرۆريزمدا،ژمارە (2)گۆڤارى ڕۆژنامەنووسى, رحيم سۆراخى.



ئەلقاعيدە يان وەك گۆپاڵ بەدەستيان تيرۆريستان دەبرد وئوسامە بن لادنيان بە (دێوەزمە) ناساند □□.

(بيل كوچ) سەرۆكى ليژنەى ڕۆژنامەنووسانى نيگەران (ز22) وسەرۆكى نوسينگەى نيوۆرك تايمز لە واشنتۆن _ تاقمێك لە ڕۆژنامەنووسان وڕۆژنامەنووسانى پێشوو هەن كە سەبارەت بە چۆنيەتى پێشخستنى پەيوەندى نێوان چاپەمەنيەكان ودەوڵەت بە جۆرێكى ئەقلانى وا كە بتوانێ بەبێ ئەوەى ئاسايشى نەتەوەيى بخاتە مەترسيەوە، زانيارى پێويستيش بدا بە خەڵك،□□.

ڕاپۆرت و پەيامنێرانەى كۆسۆڤۆ بەر لەوەيش ڕاپۆرتى بە پەيامنێران لەبۆسنا،هەروەها ڕاپۆرتى ئەو پەيامنێرانەى كوردستان لەسالى 1991دا ئەوروپا وهەموو جيهانيان هەژاند،ئەمريكا وئەوروپاى ناچار كرد كە هەڵوێست وەربگرن ئێستا ئێمە كۆڕە و خۆمان لە ڕاپۆرتى ئەو پەيامنێرانەدا دەبينينەوە كەلەكاتى خۆى هاتووە باسى بارودۆخى ئەو ڕۆژەى ئێمەيان كردووە □□.بەهۆى ئەوەى كە ڕۆژنامەنووسان بەردەوام

68 هەمان سەرچاوەى پێشوو ل79

69 هەمان سەرچاوەى پێشوو ل84.

[70] هەمان سەرچاوەى پێشوو.

بەدوای هەواڵی کاریگەردا گەڕاون بۆ ئەوەی بیگەیێنە هاوڵاتیان هەمێشە ڕۆژنامەنووسان ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسیەوە لەمانگی شوباتی 1999ڕاپۆرتێك لەپەیمانگای ڕۆژنامەنووسانی جیهان کە بنکەکەی لەشاری (ڤییەنا)یە ئامادەکراوە وتیایدا هاتووە کەسییەکی دانیشتوانی جیهان لەو وڵاتانەدا دەژین کە ڕێز لەبیرو باوەڕی بنەرەتی ئازادی ڕۆژنامەنووسیان ناگیرێت، هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ساڵی 1998دا لەسەرانسەری جیهاندا(50)ڕۆژنامەنووس کوژراون (30)ڕۆرژنامەنووس لەکاتی بەجێ هێنانی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسیاندا کوژراون 19ی تریشیان لەبارودۆخی نادیاردا لەناوچوون،هەمان پەیمانگای نابراو لەساڵی 2000یادی دامەزراندنی پەنجا ساڵەی کردووە لەم یادەیدا ئەوەی خستە ڕوو،ئەم پەیمانگایە لەمەودوا چاودێری حاڵەتی کوشتن وگرتن وسەرکوت کردن وڕاووەدونانی ڕۆژنامەنووسان دەکات لەچوارچێوەی جیهاندا وئەو حاڵەتانە ساڵانە لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی دەکاتەوە،بۆ ئەوەی ڕای گشتی جیهانی ئاوڕێك لەم کێشەیە بدەنەوە، کە کێشەیەکی پڕ مەترسی دارە وهەڕەشە لە ڕای گشتی ڕادەربڕین وڕۆژنامەنووسی دەکات،



کە دەسەڵاتی چوارەومە لە هەندێك سیستم ودەستور لەجیهاندا □□.دیلانی سەرنووسەری پێشووی تایمز دەگێڕێتەوە دەڵێ: باڵوێزی ئینکلترا لەفەرەنسا بەهەلی زانیوە کاتێ لەپاریس بووە،ناساندویەتی بەشاژنی هۆڵەندا ،شاژنیش ڕوو دەکاتە یەکێ لەپیاوەکانی خۆی ودەڵێ: (من تایمز بەدەسەڵاتی چوارەم دەزانم لەبەریتانیای مەزندا) تایمز لەسەردەمی دیلانی دا ووتارێکی بڵاوکردەوە، لیوپولدی شای پێشووی بەلژیکای ڕاچەڵەکاند،ئیتر ناچار بوو لورد رهام کەیەکێ بوو لەناوداره ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمانە ناردی بۆ ئەوەی وەك کارێکی خێر ناوبژیوانی بۆ بکات لای سەرنووسەری تایمز تاو ووتارێکی تر دەگرێ کەمی لە توندی وتارەکەی پیشووی خاوتر کاتەوە □□.
سەرۆك کۆمارو سکرتێری گشتی ئەلیزیەی لای خۆی دەنێرێ ڕۆژنامەنووسێك کە سوپاسگوزاری تایبەتی خۆی پێ بگەبێنێ ڕۆژنامەنووسە ژنەکە لە وڵامدا دەڵێ: زۆربە خۆشحاڵییەوەحەز دەکەم جەنابی سەرۆك کۆمار ببینم دەتوانی پێی ڕابگەیەنی کە

[71] سەرۆ قادر،سەرنوسەری ڕۆژنامەیەك ناتوانێ هەموو کێشەکانی ووڵاتێك چارەسەر بکات، ڕاگەیاندن لەپەراوێزی دەسەلات ل39.

[72] خالید سابیر ، پانۆرامای بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لەجیهانداو گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە(10)ل153-154.

من هەمیشە بەیانیان لە ماڵەوەم و دەشتوانم ڕۆژانە لەناو دەزگای ڕۆژنامەکەدا لە دوای سەعات چوار تا سەعات شەش هەموو میوانێك ببینم [73].

تەلەفزیۆن بە گرنگترین وکاریگەرترین دەزگای ماس میدیا ی جەماوەری دەژمێردرێت چونکە توانای بڕینی کۆسپەکانی شوێن وکات و دابەش کردن ونەخوێندەواری لە گشت دەزگاو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن زیاتر ولەسەرانسەری دنیادا بۆتە هاوڕییەکی هەمیشەیی مرۆڤەکان لەهەر ئاست وپلەیەکدابن ،لە وولاتانی پێگەیشتودا تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی فراوان لەشارەکاندا بڵاوەو پەل وپۆی هاویشتوە بۆ دێهات وگوندەکانیش بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان،لە وولاتە پێشکەوتوەکان TV بۆتە هاوڕیەکی هەمیشە مرۆڤ و هەرگیز ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ ،بۆ نمونە ئەمریکیەکان ڕۆژانە زیاتر لەشەش کات ژمێر لەبەرامبەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دادەنیشن، تەلەفزیۆن لەپاڵ دەزگاکانی تری ڕاگەیاندندا بەشداریەکی بێ وێنەیان هەیە لەسەر هەڵدان وڕۆشنبیر کردنی جەماوەردا،TVزۆر لایەنی نیگەتیڤی وپۆزەتیڤی هەیە کەچی ڕەخنەی بیرمەندو کۆمەڵناس

[73] هەمان سەرچاوە ل156.



ودەروونناس وپیاوانی سیاسیش ،ئێستا لە وولاتێکی وەك ئەمریکا کە بەزل هێزترین دەوڵەتی دەنیا دادەنرێ ژمارەیەکی ئیجگار زۆر ڕادیۆ وتەلەفزیۆنی تایبەتمەند بەمۆسیقا ،گۆرانی ،کلاسیك،جاز،میللی،فیلم کلاسیکی،نوێ،جوگرافی،وەرزشی،هەواڵ،ئایین،سێکس...هتد [74].

74,هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل207.

دەرئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەییەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆلە نیوان میدیای هەواڵ وڕای گشتی هەیە، بەهۆی هەواڵی کاریگەرەوە ڕایەکی گشتی جەماوەری دروست دەبێ بەڵام ئەم ڕایە گشتی یە بەهۆی کورت خایەنی هەواڵە کە ڕای گشتیش ئەو کاریگەرییەی نامێنێ، هەرچەند لەکوردستاندا هەرگیز ئەم ڕایە گشتیە، بەهۆی هەواڵ نەخوێندنەوەدا ئەوە هۆسەرەکیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەلەنێو ئێمەی کوردی خوێنەر ڕێژەیەکی کەم لەدانیشتوانی کوردستان پێك دەهێنێ،ئەو خوێنەرەش کە هەمان هیچ کاریگەریەکی ئەوتووی لەسەر چین وتوێژەکانی نیو کۆمەڵ دانی یە،کە هۆیەکانی لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ دەکەمەوە.

لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە هەواڵ بڵاودەکەنەوە تیراژەکەیان زۆر کەمەو بەرێژەیەکی زۆر کەم دەگاتە دەست خوێنەران وکەناڵەکانی تری ڕاگەیاندنیش خۆیان لەقەرەی هەواڵێك نادەن کەببێتە هۆی دروست بوونی ڕای گشتی لەبەر ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی هەڕەشە لە سەر دەسەڵات.



ئەو هەواڵانەی کەلە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا بەتایبەتی کوردستانی باشوور،هەواڵەکان تازەگەریان پێوە دیارنی یە پێشتر لێرە ولەوێ خەڵکی زانیارییان لەسەر هەبووە دواتر لەڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە هەمان هەواڵەکان لەڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە لەکەناڵەکانی TV وڕادیۆش بڵاودەکرێنەوە.

ئاستی هۆشیاری ڕۆڵی زۆر دەبینی کە بەهۆی هەواڵەوە بتوانرێ ڕای گشتی لەنێو جەماوەردا دروست بێ،میدیای هەواڵ وڕای گشتی پەیوەندیەکی بتەویان هەیە،بەڵام لەکۆمەڵگایەکی تەواو هۆشیار کە درك بەهەموو ئەرکە نیشتمانی ونەتەوەیەکانی خۆی بکات.

ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕووی گەیاندنی پەیام بە گوێگرانی فاکتەرێکی لاوازە وکوردستان لەسەردەمێك کانگای هەواڵ بوو بەتایبەتی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام چونکە هەموو جموجۆڵێك بۆ ڕوخاندنی سەدام لە کوردستاندا بەئاسانی هەستی پێ دەکرا،هەواڵنێرەکانی دونیا هەواڵەکانیان بۆ دەزگاکانی خۆیان دەنارد وبڵاودەکرایەوەدواتر ڕاگەیاندنی کوردی کە پێشتر زۆر بێبایەخی بڵاوی دەکردەوە,پاش ئەوەی لەکەناڵە جیهانیەکان بەتایبەتی کەناڵە عەرەبیەکان بڵاودەبووە ئینجا ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی ڕۆژنامە و TV یەکان

بەمانشێتی گەورە باسیان لەو هەواڵە دەكرد،ئەمەش وای لە جەماوەری كوردی كرد كە تاڕادەیەك ئەو باوەڕپێكردنە لاواز بێت.

هەواڵ وڕای گشتی دوو پرۆسەی تەواوكەری یەكترن لە بونیادنانەوەی وولآت وبەرزكردنەوەی ئاستی ژیان وگوزەرانی خەڵك.

ڕاگەیاندنی كوردی لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنێكی حزبیە ولەلایەن لایەنە سیاسیەكانەوە بەڕێوەی دەبرێ، تەنها جەماوەری ئەو لایەنە باوەڕ بەهەواڵەكانی دەكات، جەماوەری بەرامبەری ئەو هەواڵە كە لەڕۆژنامەی حزبی بەرامبەر بڵاودەبێتەوە بەهەند وەرناگرێ ونابێتە جێگای بایەخی،بۆیە ئەستەمە بتوانرێ ڕایەكی گشتی دروست بكات.

هەندێ لەڕۆژنامە كە لەكوردستاندا دەردەچن خۆیان بەئەهلی دەناسێنن،وەك پێویست بەكاری ڕۆژنامەنووسی خۆیان هەڵناسن هەمیشە باكگراوندێك بۆ كارەكانیان بەجێ دەهێڵن،چونكە بەرژەوەندیان دەكەوێتە مەترسیەوە،هەندێكیشیان بەتایبەتی خاوەن ڕۆژنامەكان وەك پرۆژەی بازرگانی سەیری كاری ڕۆژنامەنووسی دەكات،جار جار هەواڵێك بڵاودەكاتەوە لەسەر دەسەڵات ئەویش ئەگەر چرای سەوزی بۆ پێ كرابێت.



## پێشنیازەكان

بۆ ئەوەی میدیای كوردی بتوانێ ببێتە هەوێنی گۆڕینی دیدوبۆچوونی جەماوەر, هەواڵ كاریگەری هەبێت لەنێو كوردەواریدا،پێویستە ڕاگەیاندنی كوردی ناوەندە ڕۆژنامەوانیەكانی كوردستان،زیاتر گرنگی بەبواری پراكتیكی وڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان بدات،كە لەكۆتایی لێكۆڵینەوەكەم دا ئەم پێشنیارانە دەخەمە ڕوو كە لەئەنجامی كاركردنم لەلێكۆڵینەوەكەدا لەلام گەڵاڵە بوون:

پێویستە هەواڵ گەرماو گەرم بەتازەترین شێوە بگەیێنێتە هاولآتی بەشێوەیەكی فراوان كە زۆربەی خەڵكی بگرێتەوە.

لەگەڵ بوونی هەر هەواڵێكدا و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی بۆ بكرێ،كێشە وگرفتەكان لەقاڵبی هەواڵەوە بچێتە بواری ڕای گشتی.

لەناوەندەكانی ڕۆژنامەنووسی وڕاگەیاندن،ڕۆژنامەنووس وەك فەرمانبەر كار نەكات بەڵكو بەشێوەی پاداشت بۆ ئەوەی زیاتر بەدوای هەواڵی تازە وهەنوكەی دا بگەڕێ.

ڕۆژنامەنووسی كوردی ئەوەندە گرنگی بە هەواڵە ئەرشیفیەكان نەدات كە تائێستاش لەنێو هەموو ڕۆژنامەكان،ئەم بۆچوونە دیارە بەڵكو كارلەسەر هەواڵی ڕۆژگار بكات.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ساڵانە خەڵات تەرخان بکات بۆ جوانترین وکاریگەرترین هەواڵ کە لەڕۆژنامەکان بڵاوبۆتەوە وبۆتە هۆی دروست بوونی ڕایەکی گشتی.

گرنگی زیاتردان بەبابەتە چاپ کراوەکانی بواری ڕاگەیاندن وڕۆژنامەنووسی لەلایەن ناوەندە ڕۆشنبیریەکان بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆ ئەوەی هەواڵ کاریگەری هەبێت پێویستە ئاژانسی دەنگ وباسی کوردستان دروست ببێ وهەموو هەواڵە گرنگەکانی کوردستان لەم ناوەندەوە دەربچن.



**سەرچاوە عەرەبیەکان**


* د. عبدالله الطويرقى: علم الاتصال المعاصر،مكتبة العبيكان و الطبعة الثانية، الرياض 1997..

9. *د. سيد محمد دادطران،مبانى ارتباط جمعى انتشارات فيرؤزة, ضاث سوم 1379..
10. *د. عبد الستار جواد, فن كتابة الاخبار، عمان ,دار مجدلاوى للنشر.ص139.

* عبد المنعم سامي، الراى العام والاشاعة، المغرب 2001 ص20.

*د.رفق سكرى، مدخل في الراي العام والاعلام والدعاية،جوس بريس ،لبنان،1984،ص12.

*د.هانى رضا،د.رامز محمد عمار، الراى العام والاعلام والدعاية،لبنان بيروت، المؤسسة الجامعات للدراسات والنشر، ص9 1998.

*د. محمد عبد القادر ،الراى العام وتاثير والاعلام الدعاية،لبنان 1973,ص27.

* الدكتور لبراهيم امام، الاعلام والاتصال بالجماهير، مصر 1969 ص205.

* نزار جرجيس على ،حرب الكلمة،اربيل 1998 ص115-118

-سەرچاوە کوردیەکان


*دکتور کەمال مەزهەر-تێگەیشتنی ڕاستی. چاپ بەغداد 1979.

* نەژاد عزیز سورمێ ،ئاژانسی دەنگ وباسی کوردستان پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن-هەولێر.

*هەڤاڵ ئەبو بەکر، چەند هەنگاوێك بەرەو ڕاگەیاندن،ڕۆژنامەنووسی، پروپاگەندە وڕای گشتی.

*سەلام کەریم – زمان وڕۆژنامە -چاپی یەکەم

*کاروان عەلی ، هونەری ڕۆژنامەنووسی.

*دەرسگوتارێکی مامۆستا هێرش هیرانی بۆ خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی.

*شوان ئادەم، کورد وپرۆسەی گەیاندن، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە(9،10)ی هاوین وپاییزی 2003.

*هونەر ڕەسوڵ ، سەرهەڵدان و... گۆڤاری ڕایەن, ژمارە(9،10) .

* کارزان محەمەد، دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، نامیلکەی گیرفان زنجیرە (64)ز دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

*برایمی مەلا،ڕۆرژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانیەوە تا چەرخی نوێکاری هەولێر.

پەخشان حەمە ئەمین – زانیاری بەکەڵك.





*حەسەن یاسین 34وانە لەبارەی ڕۆژنامەنووسی وڕۆژنامەنووسی کوردیەوە.

*پەری شاکەلی , تەکنولۆجی نوێ وگەشەی کۆمەڵ، سایتی دیمانە .Mediemas svartabok

*مەجید سالح – زانستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان ل28-34.

* محمد وەسمان-چەند لاپەڕەیکی ڕۆژنامەنووسی ل78-79.

*ئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگ-ئاشتی- بنەماکانی ڕۆژنامەگەری جیهانی ل16.

* د.مۆفەق دەرگەڵەیی، موحازەرەکانی بەشی ڕاگەیاندن زانکۆی سلێمانی.

*هاشم حەسەن ،بەهای هەواڵ ،گۆڤاری ڕۆژنامەنوسان، ژمارە(2) ل 14،ساڵی 2002.

*سەرۆ قادر،سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك ناتوانێ هەموو کێشەکانی وولاتێك چارەسەر بکات، ڕاگەیاندن لەپەراوێزی دەسەلات ل39.

*خالید سابیر ، پانۆرامای بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لەجیهانداو گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە(10)ل153-154.

*پ .د كازم معتمد نەژاد وهیمداد حوسێن، لـە نامیلكـەی جیهانی سێیەم وگـەڕان بـەدوای ڕۆژنامـەوانی ئـازادا ل11-13،سـلێمانی 2004.

*محازەرەكـانی ڕای گـشتی،بەشی ڕۆژنامەنووسـی ،پـەیمانگای تەككنیكی سلێمانی.

*محازەرەكـانی ڕای گـشتی،م.عەبـد عـارف، بەشـی ڕاگەیانـدنی زانكۆی سلێمانی (2003-2004).